STIMSON

# ئاییندەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان- عێراق





ئێلن لێیپسۆن

STIMSON

# ئاییندەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان- عێراق

ئێلن لێیپسۆن

Copyright © 2010
The Henry L. Stimson Center

ISBN: 978-0-9845211-3-5
Cover photos: USAID, US Army, US Department of Defense
Book and cover design by Shawn Woodley

An electronic version of this publication is available at:
www.stimson.org/swa

All rights reserved. No part of this publication may be reproduced or transmitted in any form or by any means without prior written consent from The Henry L. Stimson Center.

The Henry L. Stimson Center
1111 19th Street, NW, 12th Floor
Washington, DC 20036
Telephone: 202.223.5956
Fax: 202.238.9604
www.stimson.org

# خشتەی ناوەرۆک

پێشەکی................................................1
پێزانین................................................2
دەستپێک................................................4
پەیوەندییەکانی عێراق-ویلایەتە یەکگرتووەکان لە 2010 دا: ماوەیەکی ئینتقالی.........8
تا ئێستا پەیوەندییە سەرەکییەکە لە بواری ئاسایشدایە.........9
ڕێچکەی مەدەنی.........12
باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەغداد.........16
تێچووی مرۆیی جەنگ: ئاوارە و سەربازی دێرین.........17
هەوڵدان بۆ یارمەتیدانی سەربازە گەڕاوەکان.........18
تێڕوانینی عێراقی لە پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراق.........21
هەڵبژاردنەکانی ئازاری 2010.........22
ئەمریکی و عێراقییەکان تاوتوێی ئاییندەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراق دەکەن.........24
ئاییندەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراق: ئایا "شەراکەی ستراتیجی" شێوازی ڕاستە؟.........29
ئەو بوارانەی مژدەی هاوکارییان پێیە.........32
ئاسایشی کشتوکاڵ، ئاو و خۆراک.........32
پەروەردە.........33
وزە.........33
تەندروستی.........35
زانست و تەکنەلۆجیا.........36
هاوکاریی هەرێمایەتی.........37
تاقیکردنەوەی گرژی – چۆن پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراق زاڵ دەبێت بەسەر زەحمەتییەکانی ڕێگەکەدا؟.........39
ئێران.........39
چین دێتە ناو ڕیزەوە.........40
شکستی سیاسەتە هەرێمایەتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان.........41
دەرەنجام.........42

# پێشەکی

ئێمە خۆشحاڵین بە پێشکەشکردنی توێژینەوەیەکی نوێ لەسەر ئاییندەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراق کە ئێلن لیپسۆن Ellen Laipson سەرۆکی بنکەی ستیمسۆن Stimson Center و بەرپرسی ستیمسۆن بۆ کاروباری باشووری خۆرئاوای ئاسیا، نووسیویەتی. مەبەستی ئەم راپۆرتە بریتییە لە ئاشناکردنی هاولاتیانی بایەخدەر بەو پەیوەندییە و پسپۆڕانی سیاسی ناو ویلایەتە یەکگرتووەکان و عێراق بە پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و عێراق لە کاتێکدا سەربازەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکشێنەوە و لە کاتێکدا پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت زیاتر شێوازێکی ئاسایی نێوان دەوڵەتێک و دەوڵەتێکی تر، وەردەگرێت. راپۆرتەکە هەروەها لە هاوکارییەکی بەرفراوان لە بوارەکانی بزنس و کۆمەڵگەی مەدەنی ورد دەبێتەوە و دەکۆڵێتەوە، لە بوارەکانی وەک تەندروستی و پەروەردە تا دەگاتە وزە و زانست و تەکنەلۆجیا.

لە 2003 ەوە لەسەر سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەرامبەر عێراق بابەتێکی زۆر نووسراوە. ئەمە قۆناغێکی زەحمەت و سەختە لە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، و عێراقییەکانیش وا خەریکن لە دیدی خۆیانەوە دەست بە نووسینەوەی بەسەرهاتەکانی ماوەی داگیرکراوی و بونیانتانەوەی دەوڵەتی عێراق و سیاسەتەکانی دەکەن.مەبەستی ئەم راپۆرتە بریتی نییە لە هەڵسەنگاندنی ئەو ماوەیە یان حوکمدان لەسەر رابردوو. چیرۆکەکە لە ئێستاوە دەگێڕێتەوە – عێراقێک کە هەلومەرجی ئاسایشی لە چاکبووندایە بەلام هێشتا بە تەواوەتی سەقامگیر نەبووە و عێراقێک کە تێیدا فەرهەنگێکی سیاسیی نوێی چالاک– بەرەو ئاییندە، سەرهەڵدەدات، هەوڵدانێکە بۆ خوێندنەوەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراق دوای ئەوەی سەربازەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراق کشاونەتەوە، و دیپلۆمات و سیاسەتمەدارەکان بەڕێوەی دەبەن.[1]

ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە زنجیرەیەک پرۆژەی پەیوەست بە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر بە عێراق کە بنکەی ستیمسۆن لە 2004 ەوە کاری لەسەر دەکات، دەتوانیت لە ماڵپەڕی www.stimson.org/swa کارەکانی پێشترمان سەبارەت بە عێراق بخوێنیتەوە. ئێمە لە چەند وۆرکشۆپێکی بنیاتنانی توانادا کارمان لەگەڵ ڕابەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی عێراقی کردووە، ئەو ئاستەنگانەمان هەڵسەنگاندووە کە رووبەڕووی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبنەوە، و بە وردییەوە لێکۆڵینەوەمان لە گۆڕانی بارودۆخی ناو عێراق و ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەراست کردووە. هیوادارین ئەم دوایین راپۆرتەمان سوودبەخش بێت.

# پێزانین

بۆ نووسینی ئەم راپۆرتە سوود لە هاوکاری چەندین کەس وەرگیراوە. توێژینەوەکە هەمان ئەو کاتە ئەنجام درا کە بنکەی ستیمسۆن و رێکخراوی (the Centre for International Governance Innovation (CIGI)) پێکەوە لە واتەرلو، کەنەدا، کاریان لەسەر زنجیرەیەک وۆرکشۆپ کرد سەبارەت بە عێراق. لە کەنەدا دوو وۆرکشۆپمان ساز کرد (لەسەر بابەتەکانی جڤاتی، و فیدراڵیزم) و لە واشینگتۆن-یش دوو وۆرکشۆپ (لەسەر پەیوەندییە هەرێمایەتییەکان، و ئاسایش). لە قووڵایی دڵەوە سوپاسی هاوڕێی میوانی CIGI رێزدار باڵیۆز موختار لامانی دەکەم، کە پێشتر لە عێراق نوێنەری کۆمکاری عەرەب بووە، بۆ بەشداریکردنی و بۆ مەعریفەی قووڵی لەسەر عێراق و گەلی عێراق.

لە تشرینی یەکەمی 2009 لە ئۆتاوا، دایەلۆگێکمان لە نێوان عێراقییەکان و ئەمریکییەکان ساز کرد، بەشداربووان بیروبۆچوون و باکگراوندی جۆراوجۆریان هەبوو، هاوڕێیانمان لە CIGI خانەخوێیەکی دڵفراوان بوون و ئاسانکارییان بۆ ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونەکان کرد. هەروەها سوپاسی پەرلەمانتار پاوڵ دیوار دەکەین کە رێگەی بۆ خۆش کردین گفتوگۆکە لە پەرلەمان ساز بکرێت، و سوپاسی برادەرانی CIGI دەکەین، وەک باڵیۆز پاوڵ هینبێکر، ئاسفیە تاریین، مات ئیسۆن، دانییڵ شوانین و ماکس بریم.

بەشداربووانی دایەلۆگەکە، بەڕێزان سامی عەسکەری، دکتۆر حەسەن بەزاز، نازدار جەنابی، کامران قەرەداغی، دکتۆر نەجمەدین کەریم، دکتۆر عەبدولحسێن شابان، دکتۆر ئەلێکس دیهگن، چارلس دولفەر، پاوڵ هییوز، دکتۆر فیب مار، جۆن دی موور، تریدی روبن، و دکتۆر نەبیل تکریتی گروپێکی چالاک و سەرنجڕاکێش بوون. کراوە و راستگۆ بوون لە دەستنیشانکردنی هەل و ئاستەنگەکانی پێش پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراق، بە رێزەوە گوێیان لە یەکتری دەگرت، و بیروبۆچوونی پڕبایەخ و سەرنجڕاکێشیان دەربری. ئێمە سوپاسیان دەکەین بۆ بەشداریکردنیان لە دایەلۆگەکەدا و بۆ کار بایەخدانیان بە بواری پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراق.

لە واشینگتۆن، ئێمە راوێژمان بە ژمارەیەک خەڵک کرد کە لە بواری جۆراوجۆری پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراقدا کار دەکەن، هەر لە دیپلۆماتەکانەوە تا دەگاتە بەرپرسانی رێکخراوە ناحکومییە نێوخۆییەکان. وەک روستی باربەر، مایکل کۆربین، دکتۆر ئەلیکس دیگن، رەند رەحیم فرانک، لەیس

کوببە، ئێرین ماسیوس، ئەلیسا سلۆتکین، و باڵیۆزی عێراق سەمیر سومەیدعی.

دارایی ئەم پرۆژەیە لە لایەن پەیمانگەی ئاشتییەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دابین کرا. بەرپرسی بەرنامەکە ستیڤ ریسکین و تیمی USIP لە عێراق هاوکارییەکی زۆریان پێشکەش کردین، وەک پلاندانان بۆ گەشتەکەی ئایاری 2010 بۆ عێراق بۆ تاوتوێی بابەتەکانی ئەم راپۆرتە لەگەڵ خەڵکی جۆراوجۆری عێراقیدا.

دەمەوێت سوپاسی هاوڕێیانم لە بنکەی ستیمسۆن بکەم: باری بلیچمان، ئالن موور، و ئالان رۆمبێرگ بۆ سەرنجە پڕبایەخەکانیان. بە بێ وچان قوتابییە تازە دەرچووەکان لێکۆڵینەوەی گرنگیان بۆ ئەم پرۆژەیە دابین کرد- ئالێکس کازر، رۆنان ماکجیی، و نادر مەرعان. تیمی پەیوەندییەکانمان وەک ئەلیسۆن یۆست و شۆن وودلی هاوکاریی زۆریان کردین لە بواری داڕشتن و بەرهەمهێنانی ئەم پرۆژەیەدا.

لە هەمووی گرنگتر، سوپاسی ئێلینا ماگۆڤەرن دەکەم، هاوڕێی توانادار کە هاوکارم بووە لە هەموو بوارەکانی ئەم پرۆژەیەدا، هەر لە بەراییەکانی چەمکەکەوە تا گفتوگۆکەی ئۆتاوا، لە ئامادەکردنی رەشنووس و بەرهەمهێنانی راپۆرتەکەدا، هەروەها لە چالاکییە جەماوەرییەکانی دابەشکردنی بیرۆکەکان لەناو عێراق و لەناو ویلایەتە یەکگرتووەکان. ئێلینا خاوەنی توانایەکی نایابی توێژینەوەیی و رێکخراوەییە، و خۆی بە تەواوەتی بۆ بابەتەکان تەرخان دەکات. ئێمە هەردووکمان هیوادارین ئەم راپۆرتە، بە تەوازوعەوە، هەل بۆ ئەمریکییەکان و عێراقییەکان بڕەخسێنێت بیرۆکەی نوێ بۆ پەیوەندییەکە بدۆزنەوە، و شێوازی بەبڕشت بدۆزنەوە بۆ پێکەوە کارکردن لەسەر بابەتەکانی جێی بایەخ و بەرژەوەندی هەردوولا.

# دەستپێک

گۆڕانێکی پڕبایەخ بەڕێوەیە لە پەیوەندییە فەرمییەکەی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و عێراق. ئەم پرۆسەیە لە کۆتایی ساڵی 2008 ەوە دەستی پێکردووە، کاتێک کە ئیدارەی بوش و حکومەتی نوری مالکی دانوستانیان لەسەر دوو ڕێککەوتننامە کرد، بۆ بەڕێوەبردنی کشانەوەی هێزە جەنگاوەرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، و ڕێککەوتننامەیەکی درێژخایەنی ستراتیجی بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات (ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی ستراتیجی، SFA). دوو ڕێککەوتننامەکە ئاماژە رەمزی کۆتاییهێنان بە قۆناغێک لە وجودی ویلایەتە یەکگرتووەکان، و نەخشەیەکی بەرفراوان بۆ ئاییندەی پەیوەندییەکە بوون.

سەرۆک ئۆباما ئەم پرۆسەیەی زیاتر بەرەوپێش برد، ئیدارە نوێیەکە (ئێس ئێف ئەی SFA) دەکاتە بناغەیەک بۆ هاندانی هاوکاری لە بوارەکانی دیپلۆماسی، ئاسایش، ئابووری، وزە، تەندروستی، و ژینگەدا. سەرەڕای ئەمەش، سیاسەتی ئیدارە نوێیەکە بەردەوامە لە گۆڕینی تای تەرازووەکە بە لای چالاکییە مەدەنییەکان لە عێراق و ئەجێندەیەک کە دوای کشانەوەی هێزەکان کار لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکات، وەک گەڕاندنەوەی عێراق بۆ ناو کۆمەڵگەی هەرێمەکە، پێویستییەکانی ئەو سەربازانەی دەگەڕێنەوە بۆ ئەمریکا، و نیشتەجێکردنی درێژخایەنی ئاوارەکانی عێراق. بە مانایەکی تر، ئیدارە نوێیەکە ئاماژەی بەوە داوە کە عێراق چەقی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا نییە، بەڵام سەقامگیرییەکەی و سەرکەوتنی هێشتا پڕبایەخن بۆ چەندین بەرژەوەندی ئەمریکا لە ناوچەکە و لە دوورتریش.

ئەم گۆڕانکارییە هەندێک ناڕێکی (احتكاك)ی دروستکرد لە پەیوەندییەکە، و لە نێو پسپۆڕانی وەزارەتی دەرەوەی هەردوو وڵاتدا. بەرپرسانی عێراق نیگەرانی خۆیان لەوە دەردەبڕن ویلایەتە یەکگرتووەکان بایەخ بە چارەنووسیان نادات، و، سەرەڕای ئەو هەرتەقە (rhetoric) سیاسییەی کە هەر باسی سەروەری عێراق و کۆتاییهێنان بە داگیرکردن دەکات، زۆر سەرکردەی عێراقی بڕوایان وایە هەبوونی ئەمریکا، یارمەتی و هاوکارییە تەکنیکییەکەی، پڕبایەخ و ژیاریین بۆ بەردەوامیدانی عێراق بە بنیاتنانەوەی دەوڵەت و دروستکردنی فەرهەنگێکی نوێ و کراوەتری سیاسی. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەندێک نیگەرانن لە نەمانی بایەخدان بە عێراق، لە کەمترکردنەوەی هاوکارییەکان بۆ هەندێک پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە و سیاسی، و ئەو نیشانانەی کە ئاماژەن بەوەی ئیدارەی ئۆباما پێشەنگێتی (ئەولەوییەت) ی تری هەیە و عێراق بە خولیای ئیدارەی پێشوو دادەنێت. رەخنەگران لە سیاسەتی هەنووکەیی لەوە نیگەرانن کە هەندێک دەستکەوتی شایان باس لە بواری بنیاتنانی دامەزراوەکان و

کەرتی ئاسایشدا رەنگە رابوەستن ئەگەر هەبوون و بەشداری ویلایەتە یەکگرتووەکان بەخێرایی کەم بکرێتەوە و کۆتایی پێبهێنریت.

رووداوەکانی 2010 ی عێراق نیگەرانییەکان و گومانەکان زیاتر دەکەن: هەڵایسانی ناوبەناوی زەبروزەنگ لە عێراق کە رەنگە وا لێک بدرێتەوە رەهەندی تایەفەگەرییان هەیە زەنگێکی مەترسی بۆ پسپۆڕان لێدەدات بەوەی کاتێک سەربازەکانی ئەمریکا بڕۆن ناکۆکی تایەفەگەری سەرهەڵبداتەوە، هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی 2010 نیگەرانییان دروست کرد لەسەر شێوازی پیادەکردنی دیمۆکراسی لە عێراق، لەگەڵ قەدەغەکردنی هەندێک پاڵێوراو لە لایەن کەسانێکی بەرپرسەوە کە بە خۆیشیان پاڵێوراو بوون بۆ هەڵبژاردنەکە، کۆششەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پێشکەشکردنی چارەسەر بۆ ناکۆکی لەسەر رەوایەتی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکە بووە مایەی ئەوەی عێراق سکاڵا لە دەستێوەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکات. پێشبینیکردنی دروست سەبارەت بەو شتانەی هەڕەشەیەکی راستەقینەی ئاسایش یان سیاسیین لەسەر سەقامگیری عێراق کارێکی زەحمەتە، لە کورتخایەنیدا، نیشانەکانی ئەوەی هێشتا ئەگەری هەڵایسانی زەبروزەنگ لە عێراق لە ئارادایە، ئنجا تایەفەگەری بێت یان نا، یاخود ئەوەی فەرهەنگە دیمۆکراسییەکەی هێشتا ساوایە، زەنگی "شەڕ بکە یان ڕابکە" لە کۆمەڵگەی سیاسی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا لێدەدات. هەندێک کەس دەیانەوێت هەوڵەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان چڕتر بکەنەوە لە بواری بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی عێراق و ژێرخانەکەیدا، هەندێکی تر وا هەست دەکەن گرفتەکانی عێراق نابێت سەربابەت بێت لە ئەجێندەی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، و رێگەچارەی درێژخایەنی ئەم گرفتانە پێویستە لە لایەن عێراقییەکان خۆیانەوە بهێنرێتە دی. ئەم تاوتوێیە رەنگدانەوەی جیاوازیی بیروبۆچوونەکانە لەسەر رۆڵی ئەمریکا لە عێراقدا: ئایا ئێمە تا ئێستاش مامانی فەرهەنگی نوێی سیاسیی عێراقین، یان وا باشترە پاشەکشە بکەینەوە و بە شێوازی مامەڵەی "ئاسایی" نێوان دوو دەوڵەت کار لەگەڵ عێراق بکەین؟

چەندین هۆکار ئایندەی پەیوەندییەکە دیاری دەکەن، هەندێکیان پەیوەستن بە بارودۆخەکانی عێراقەوە، هەندێکی تریان دەرەکین، وەک رەوتی گشتیی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەی کەنداوی فارس، و هەلومەرجی بەشداری سیاسی و سەرچاوەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان. پەیوەندییەکە هەروەها بە شێوەیەکی بنچینەیی نائاسایییە: بایەخی رۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراق بۆ چەندین بەرژەوەندی و لایەنی عێراقی زیاترە بە بەراورد لەگەڵ بایەخی عێراق بۆ سیاسەتی ئەمریکا یان بۆ بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی ئەمریکا. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو گۆڕانکارییەی کە لە ماوەی نائاسایی 2003–2008 ەوە دەستی پێکردووە — لە بڕیاری ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە سەبارەت بەروخاندنی سەدام حسێنەوە تا دەگاتە ناسەقامگیری سیاسی ماوەی دوای سەدام حسێن و ئەو قەیرانە ئاسایشە پێشبینی نەکراوەی کە هێزەکانی ئەمریکای ناچار کرد بۆ چەند ساڵێک وڵاتەکە داگیر بکات— دەبێتە سەرچاوە بۆ داڕشتنی دیدی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و رەنگە کاریگەری گەورەی

هەبێت لەسەر پێناسەی عێراق بۆ رۆڵی خۆی لە هەرێمەکە و لە جیهاندا.

گۆشەنیگایەکی بەرفراوانتریش هەیە بۆ سەیرکردنی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و پاشماوەی درێژخایەنی داگیرکردنەکەی ساڵی 2003. ئاخۆ فەرهەنگی نوێی سیاسیی عێراق خۆی بەپێوە رادەگرێت و دەمێنێتەوە و دەبێت بە نموونەیەکی ئەرێنی بۆ ئینتقالکردن لە دنیای دیکتاتۆرییەوە، زۆر عێراقی بڕوایان وایە تا ئێستاش ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پاشخان (عاقبە) ناوخۆیی و هەرێمایەتییەکانی کارەکانی تێناگات، وەک دەرکەوتنی چەند سەرکردەیەکی نوێ کە کەمتر لەژێر کاریگەری هەرتەقەی "ئینتقالی" دا بن و زیاتر لەژێر کاریگەری مەینەتییە مێژووییە قووڵە ئایینی و نەتەوەییەکاندا بن، لەگەڵ هەوڵدانیان بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و نفوز. نوێخوازەکان، و ئەو پەنابەرە عێراقییە عەلمانییانەی پێش دە ساڵێک یارمەتی دارشتنی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانیان دا، ئەمڕۆ کاریگەریان کەمترە لە کاریگەری بنکە تەقلیدییەکانی دەسەڵات و نفوزی ناو کۆمەڵگە و کە تازە هاتوونەتە ناو کایەی سیاسییەوە. بۆیە، شیکردنەوەیەکی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و عێراق کە تەنها جەخت بخاتە سەر رووداو و رەوتە کورت یان مامناوەندی خایەنەکان رەنگە وەک خۆی لە مانا قووڵەکەی ئەو گۆڕانە تێنەگات کە لە 2003 دا روویدا. رەنگە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا زەحمەت بێت لە کاریگەری درێژخایەنی کۆششەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بواری "گۆرانکاری-ئینتقالی"ی عێراق یان هەرێمەکەدا بناسیتەوە و لێی تێبگەیت، و رەنگە قولاییی (چەماوەیی)ی سیاسەتی عێراق و هەرێمەکە هاوڕیزیی درێژخایەنی ئەوتۆ دروست بکات کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکان و بیروبۆچوونی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا کۆک نەبێت.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم راپۆرتە، زیاتر جەخت دەخاتە سەر ماوەی کورت تا مامناوەندی خایەن، و سەر رەهەندە پراکتیکییەکانی ئەم پەیوەندییە پڕبایەخە لە کاتێکدا کە بە گۆڕانکارییەکی حەتمی و ئەگەری ئەرێنیدا تێدەپەڕێت. زۆر بە کورتی ئاوڕ لە پەیوەندییەکانی ئەم دواییەی ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراق دەداتـەوە، و هەوڵ دەدات هەندێک بیرۆکەی پراکتیکی بهێنێتە ژێر باس سەبارەت بە رێچکە ئەگەر و خوازراوەکانی بەرەوپێشچوونی ئەم پەیوەندییە پڕبایەخە. عێراق بەردەوام دەبێت لە هەنگاونان بەرەو ئەوەی ببێت بە یەکێک لە لایەنە سەرەکییەکان لە جیهانی عەرەبی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم لێکۆڵینەوە لەم خاڵانە ورد دەبێتەوە:

- رەوشی ئێستای پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراق و ئەو ئینتقالەی روودەدات.
- بیروبۆچوونەکانی لایەنە جۆراوجۆرەکانی هەردوو وڵات سەبارەت بە ئایندەی پەیوەندییەکە.

- بیروبۆچوون و تێگەیشتنەکان لە پەیوەندییەکی ستراتیجیی درێژخایەن.
- ئاستەنگەکانی بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکە لە بارودۆخی هەرێمێکی ناسەقامگیر، و ژینگەیەکی گۆڕاوی جیهانیدا.

# په‌یوه‌ندییه‌كانی ویلایه‌ته‌ یه‌كگرتووه‌كان–عێراق له‌ 2010 دا: ماوه‌یه‌كی ئینتقالی

ئیداره‌ی ئۆباما خه‌ریكی به‌راوردكردنی ئامانجه‌ ستراتیجییه‌كانی سیاسه‌ته‌ راگه‌یه‌ندراوه‌كه‌یه‌تی – كۆتایی هێنان به‌ جه‌نگ و دامه‌زراندنی په‌یوه‌ندییه‌كی ئاسایی به‌رهه‌مهێن له‌گه‌ڵ عێراق– له‌گه‌ڵ ئه‌و واقعه‌ی كه‌ وجودی ویلایه‌ته‌ یه‌كگرتووه‌كان له‌ عێراقدا پێویستی به‌ بایه‌خپێدانێكی چڕی به‌رده‌وامه‌. به‌رپرسانی عێراق وا راهاتوون به‌رده‌وام له‌گه‌ڵ رابه‌رانی ئه‌مریكی له‌ په‌یوه‌ندیدا بن، و ئه‌و ئینتقاله‌ش كه‌ به‌ گوێره‌ی رێككه‌وتننامه‌كه‌ی 2008 ه‌ وا ده‌خوازێت به‌رده‌وام بایه‌خی سیاسی پێبدرێت و بڕیاری له‌ باره‌وه‌ بدرێت. ئیداره‌ی ئۆباما كاری بۆ پیشاندانی پابه‌ندێتی خۆی به‌ رێككه‌وتننامه‌كانی 2008 ه‌وه‌ كردووه‌، به‌ تایبه‌ت له‌ دووتوێی رێككه‌وتننامه‌ی (SFA) وه‌ك هه‌یكه‌ل و ناوه‌ڕۆك بۆ هاوكارییه‌كی  روو له‌ گه‌شه‌ی دووقۆڵی.

یه‌كه‌مین گه‌شتی سه‌رۆك ئۆباما بۆ وڵاتانی دوور، له‌ نیسانی 2009 دا، بۆ عێراق بوو. له‌ یه‌كه‌مین ساڵیدا له‌ نووسینگه‌ی سه‌رۆكایه‌تی دوو جار له‌ واشینگتۆن پێشوازی له‌ سه‌رۆك وه‌زیران نوری مالكی كردووه‌. هه‌روه‌ها جێگری سه‌رۆك سێ جار سه‌ردانی عێراقی كردووه‌، جارێكیان له‌ كانونی دووه‌می 2010 بۆ راوێژ له‌گه‌ڵ عێراقییه‌كان سه‌باره‌ت به‌ پلانه‌كان و گرفته‌كانی په‌یوه‌ست به‌ هه‌ڵبژاردنه‌كانی ئازاری 2010.

له‌ ئاستی وزاریدا، ژماره‌یه‌كی ئێجگار زۆر كۆبوونه‌وه‌ له‌ نێوان وه‌زیره‌كانی ده‌ره‌وه‌، به‌رگری، بازرگانی، كشتوكاڵ، و وه‌زاره‌تی تری هاوشان ساز كراوه‌، له‌گه‌ڵ كاری ئیداره‌كه‌ بۆ پیاده‌كردنی رێككه‌وتننامه‌ی  SFA.

- له‌ تشرینی یه‌كه‌می 2009 دا، ئیداره‌كه‌ (كۆنفرانسی بزنس و وه‌به‌رهێنانی ویلایه‌ته‌ یه‌كگرتووه‌كان–عێراق)ی ساز كرد، به‌ به‌شداری 200 عێراقی، كه‌ به‌ یه‌كسانی نیوه‌یان له‌ حكومه‌ت و نیوه‌یان كه‌رتی تایبه‌ت بوون. نزیكه‌ی 700 خاوه‌نكاری عێراقی ئاماده‌ بوون، بۆ گه‌ڕان له‌ دووی هه‌لی وه‌به‌رهێنان له‌ كه‌رته‌كانی وه‌ك كشتوكاڵ و ئاو، كارگه‌ و به‌رهه‌مهێنان و كانزاكان، نیشته‌جێكردن و بنیاتنان، نه‌وت و گاز، گواستنه‌وه‌ و گه‌شتوگوزار، كاره‌با، و خزمه‌تگوزارییه‌كانی دارایی و بانك.
- هه‌روه‌ها له‌ تشرینی یه‌كه‌می 2009 دا، وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ هیلاری كلینتون و سه‌رۆك وه‌زیران مالیكی رێككه‌وتن له‌سه‌ر دامه‌زراندنی لیژنه‌یه‌كی هاوبه‌ش، وه‌ك له‌ رێككه‌وتننامه‌ی SFA دا هاتووه‌، بۆ هاوكاری عێراق له‌

دەرچوون لەژێر چاپتەری حەوتەمی نەتەوە یەکگرتووەکان.[2]

- ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتگیری لە داوکاریی عێراق بۆ ئەندامێتی لە (رێکخراوی بازرگانیی جیهانی) دەکات – وەک لە رێککەوتننامەی SFA دا هاتووە. تا ئەمڕۆ عێراق چاودێرە لە (رێکخراوی بازرگانیی جیهانی) دا، بەڵام بەرپرسان لە (نووسینگەی نوێنەرایەتی بازرگانیی ویلایەتە یەکگرتووەکان) گەشبینن و بڕوایان وایە داواکارییەکەی عێراق، کە لە سەرەتادا لە 2004 دا پێشکەش کرا، ئێستا "زۆر بەرەوپێشچووە".[3]

## تا ئێستا پەیوەندییە سەرەکییەکە لە بواری ئاسایشدایە

رەوشی ئاسایش هێشتا هەر پێشەنگی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان–عێراقە؛ درێـژەدان بە مـانـەوەی هێزەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی بـەرفراوان وا دەبینرێت هۆکارێکی ئەوتۆیە بۆ سەقامگیری کە یارمەتی حکومەتی عێراقی داوە ئارامی بپارێزێت، و رێگەی گرتووە لەوەی ناکۆکی لەسەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و رکابەرێتی سیاسی توندوتیژ سەرهەڵبدات. سەرەڕای ئەمەش، حکومەتی عێراق بە فەرمی پێشوازی کردووە لە کشانەوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان (کۆی گشتی سەربازەکان لە سەرەتای 2010 دا گەیشتە کەمتر لە 100000 سەرباز) و هەستەوەرە لە هەمبەر هەر پیشاندانێکی رۆڵی ئەو ئەمریکییانەی ماونەتەوە و رۆڵێکی لەم جۆرە بە سازش دادەنێت لەسەر سەروەرییەکەی. لە ئاستی سەرەوە، هەردوو وڵات پابەندن بە درێژەدان بەو رێچکە کاوەخۆیەی لە ناوەڕاستی 2009 ەوە دەستی پێکردووە بۆ کشانەوەی سەربازەکانی ئەمریکا لە شارەکان، تا ناوەراستی 2010 بە کشانەوەی هەموو هێزە جەنگاوەرەکان، و تا ناوەڕاستی 2011 بە دوایین کشانەوەی هەموو پاشماوەکانی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بێجگە لەوانەی بەشدارن لە مەشقکردن یان لە پاراستنی دەستگاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا. حکومەتی عێراق دەتوانێت داوای دواخستنی ئەم خشتەیە بکات، و دوای 2012 دەتوانێت پێشنیاری رێککەوتننامەیەکی نوێ بکات بۆ رێکخستنی ئەرک و کاروباری نوێ یان بەردەوامییان.

بە گشتی، رەوتی بواری ئاسایش پەسەندە. کردەوەی زەبروزەنگ لە بەغداد یان شارە سەرەکییەکانی تر لە دابەزینێکی خێرادایە. لە 2006 دا ژمارەی کوژراوانی مەدەنی لە سالێکدا گەیشتە ئەوپەڕی (34000)، لە 2009 دا ئەم ژمارەیە دابەزی بۆ 3000، و داتای سەرەتای ئازاری 2010 ئەوە پیشان دەدات کە ژمارەی ساڵانە کەمتر دەبێتەوە بۆ نیوە. بە هەمان شێوە ژمارەی کوژراوان لە سوپای ئەمریکا: 2007 خراپترین ساڵ بوو، کە 904 کوژراو بوو. لە ساڵی 2009 ژمارەکە دابەزی بۆ 149، و لە کانونی دووەمی 2010 تا ئازار، دوازدە سەربازی ئەمریکی کوژراون.[4]

مەشقکردن بە زیاتر لە نیو ملیۆن کارمەندی ئاسایش و هێزە چەکدارەکان و پۆلیس بەخێرایی بەڕێوە چووە، لەگەڵ ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە ڕێورەسم و بۆنەی رادەستکردنی تەواوی بەرپرسیاریَتییەکانی یاسایی و بواری ئاسایش بۆ هێزەکانی عێراق. لە ناوەڕاستی 2009 بە دواوە، هێزەکانی ئەمریکا تا دێت زیاتر لە بواری پشتگیریدا کاریان کردووە، تەنها کاتێک وەڵام دەدەنەوە کە دەسەڵاتدارانی عێراق داوایان لێ بکەن. لە وتارەکەی کۆتایی 2009 دا، جەنەراڵ ڕێی ئۆدێرنۆ باسی ئەوەی کردووە کە ژمارەی بەڵێندەران 35000 دابەزیوە، گەیشتۆتە 115000، و سەد و یەک بنکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان داخراون. لە سەرەتای 2010 دا، شەش دەستگای گەورەی فەرماندەیی ئاوێتە کران و لە جیاتی ئەمانە یەک بارەگا دامەزرێندرا بۆ هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ناوەکەی گۆڕا بۆ هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراق (USF–I). ئەمانە تەنها چەند ئاماژەیەکی کەمن سەبارەت بە هەندێک ڕێوشوێنی گرنگ، و بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی کشانەوەی ساڵی 2008، کە گۆڕانی گەورە پیشان دەدەن لە جێپەنجە و ئەرکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بواری ئاسایش لە عێراقدا.

بەڵام ئەو ژینگەی ئاسایشەی کە بەشێوەیەکی بەرچاو چاکتر بووە هێشتا ئەگەری هەیە لە پڕ شپرزە ببێت، لە نەبوونی بەڵگە لەسەر ئاشتەواییەکی راستەقینەی گروپە سیاسی و ئیسنییە سەرەکییەکان لە عێراقدا، نیگەرانییەکی رەوا لە ئارادایە لە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی زەبروزەنگی تایەفەگەری کاتێک هیزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بڕۆن. مانۆڕەکانی لیژنەی داد و لێپرسینەوە پێش هەڵبژاردن ئاماژە بەوە دەدەن کە هەندێک پارت و کەس دەیانەویت پەنا بۆ شێوازی جێی گومان و نادیمۆکراتی ببەن بۆ لاوازکردنی رکابەرە سیاسییەکانیان. ئەمە لە کورتخایەنیدا مژدەی خێر نییە بۆ دیمۆکراسییەتی عێراق، ئەگەرچی هەندێک کەس مانۆڕرەکانی تا ئازاری 2010 بە هەوڵێکی بێهوودەی ئەو عێراقییانەی کە گەڕاونەتەوە دادەنێن بۆ بەڕێوەبردنی سیستمی دوای سەدام حسێن، و ئێستا پێیان وایە دابەشکردنەوەی دەسەڵات و ئەگەری گەڕانەوەی نوخبەی سوننە لەسەر حسابی ئەوان دەبێت.

نیگەرانیی تری هاوشێوە بریتییە لە ئەگەری ئەوەی پارتە ناڕازییەکان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن پەنا بۆ زەبروزەنگ ببەن، یان لەسەر بابەتە ئاڵۆزەکانی پەیوەست بە سنوورە ناوخۆییە ناکۆکی لەسەرەکانی نێوان پارێزگاکان و تاکە هەرێمە یاساییە سەربەخۆکەی عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم گرێژنانەی لێکترازان، بێگومان، لەسەر پرسی کەرکوکن، پارێزگایەکی دەوڵەمەند بە نەوت و شارێکی فرە نەتەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان حەز دەکات بیخاتە ناو هەرێمەکەی. کەرکوک کارێکە هێشتا پرۆسە دەستورییەکەی 2003–2005 چارەسەری نەکردووە، ئەگەری ئەوەی هەیە پاشخانی سەختی ئاسایشی لێ بکەوێتەوە. بە شێوەیەکی بێ وێنە ئاڵۆزە، وەک ئۆرشەلیمی عێراقە، لەبەر بایەخە مێژوویيە گەورەکەی لە مێژووی عێراقدا، لەبەر کێبڕکێ و داواکاریی ناکۆک و دژ یەک لە نێوان عەرەبەکان، کورد، و ترکماندا، گواستنەوەی دانیشتوانەکەی کە هەندێک جار بە زۆرەملێ و بە مەبەستی گۆڕینی

دیمۆگرافییەکەی بووە، و سامانی هەرێمەکە نەوەک تەنها لەناو سنووری شارەکە. هەروەها رەنگە رەنگڕێژ (سەربابەت)ی ئایینده بێت بۆ پەیوەندییەکانی کورد-عەرەب، و پیشاندەری توانای لایەنەکان بێت لە گۆڕین یان وەک خۆ لێکردنەوەی سنوورە ناوخۆییەکان بە ئاشتییانە. پێکدادانی چەکدارانەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق یان هێزەکان لە پارێزگاکانی دراوسێی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا شتێک نییە تەسەور نەکرێت، ئەگەر هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیی کەرکوک سەر نەگرێت و هەندێک لەوە دەترسن کە، بە بێ وجود و توانای دانوستانی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، خراپترین سیناریۆی لەم جۆرە ئەگەری روودانی زیاتر دەبێت.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئازاری 2010 رەنگە هەندێک گۆڕان پیشان بدات لە مەیلی دەنگدەران و ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکاندا، لە ئێستادا، شاندی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کار دەکات بۆ بەڕێوەبردنی پێشبینییەکان و بۆ هەوڵدان بۆ دیاریکردنی کاتی ئەنجامدانی ئەو ریفراندۆمەی لە دەستوری 2005 دا داوای کراوە بە بێ ئەوەی بە خۆی ببێتە فاکتەرێک بۆ ناسەقامگیری وڵاتەکە.

رۆڵی ئێران لە عێراقدا رەهەندێکی تری پڕبایەخە لە هەڵسەنگاندنی ئاسایشدا. ئەو بیروبۆچوونەی کە پێی وایە دەستێوەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ رووخاندنی سەدام حسێن سوودێکی گەورەی ستراتیجی بە ئێران گەیاند – حکومەتێک لە بەغداد کە زۆرینەی شیعە بێت – یەکێکە لە رەخنە بەردەوامەکان لە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێکە لە پاشخانە بێ مەبەستەکانی. سنوورێکی درێژ، پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ حکومەتێکی زۆرینە شیعە و ئەو سوودە جۆراوجۆرانەی ئێرانییەکان بینویانە لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەی عێراق و کۆمەڵگەی ئاسایش، هەموویان دەبنە مایەی نیگەرانییەکی توند لەوەی کاریگەری ئێران لە دوای کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، زیاتر گەشە دەکات. ئەم نیگەرانییە لە ئارادایە سەرەڕای ئەو حەقیقەتەی لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە 2009 ەوە تا هەڵبژاردنەکەی ئاستی وڵات لە 2010 دا، دۆستە سیاسییە هەرە نزیکەکانی ئێران کورسی و نفوزیان لە دەست داوە، و ئەوەی کە سەرهەڵدانی گروپی نا-تایەفەگەر، گروپی سیاسیی نیشتمانیی عێراق مژدەی خۆش نییە بۆ توانای ئێران لە یاریکردن یان کارتێکردن لەسەر سیاسەتەکانی عێراق.

نابێت زێدەڕۆیی بکرێت لە نیگەرانی لە سەرچاوە بەردەوامەکانی ناسەقامگیری. پێش چەند ساڵێک ئینتقالی عێراق بەرەو تواناداری وەک دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی، بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات، و تەنانەت بە بێ هەبوونی هەزاران سەربازی ئەمریکی، وجودێکی مەدەنییانەی ئەمریکا دەتوانێت رۆڵێکی بنیاتنەرانەی باشی هەبێت لە رێگەنەدان بە ناکۆکییەکان و گەیشتن بە چارەسەر. بەرپرسانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و عێراق بە گشتی لەسەر ئەوە کۆکن کە ، کاتێک هێزە جەنگاوەرەکان پاشەکشە دەکەن، جەخت بخرێتە سەر کاروباری مەشقکردن و لەسەر مەبەستەکەشی

کۆکن. هەر لە ئێستاوە لە ئینتیقالدان بۆ جەختکردنەوە لەسەر گەشەسەندنی توانای سەرکردایەتی و پیشەیی هێزە چەکدارەکان، و بنیاتنانی توانای پۆلیس. ئەم هەوڵە بەردەوامانە لە بواری چاکسازیی کەرتی ئاسایشدا رەنگە توخمێکی سەرەکی بێت لە پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراق لە ئاییندەدا، چونکە هاوکاریی ئاسایش و راوێژی نزیک لەسەر بابەتەکانی ئاسایشی هەرێمایەتی بێگومان جێی بایەخ و بەرپرسیارێتی هەردوولا دەبێت.

## رێچکەی مەدەنی

گۆڕانی پەیوەندی لە پەیوەندییەکەوە کە کاروباری ئاسایش سەربابەتی بوو بەرەو شەراکەتێکی بەرفراوانتر لەو گۆڕانەدا رەنگی داوەتەوە کە لە تەرازووی هەبوونی مەدەنی-سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراق روویداوە. بەرپرسانی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک ئەڵقەیەکی پاش رێچکەی سەربازیی 2007، باسی رێچکەی مەدەنی دەکەن. بە وتەی بەرپرسێکی حکومی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئێستا 900 کارمەندی مەدەنی ئەمریکی هەن کاروباری فەرمی لە عێراق بەڕێوە دەبەن، هەر لە چالاکییە ئاساییەکانی دیپلۆماسییەوە لە بەغداد، تا دەگاتە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیی-تایبەتی لە بوارەکانی ئاوەدانکردنەوە، بنیاتنانی دامەزراوە، و چالاکی تری بواری کۆمەڵگەی مەدەنی، تا دەگاتە تیمەکانی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکان (PRTs) کە خزمەتگوزاری جۆراوجۆر لە پارێزگاکان پێشکەشی حکومەتە ناوخۆییەکان دەکەن، زۆربەی جار داراییەکان بە هاوکاری لەگەڵ  بنکە و دامەزراوەکانی بنکە سەربازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە دابین دەکرێت.

تیمەکانی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکان (PRTs)، کە لە 2005 ەوە پێکهاتەیەکی سەرەکیین لە بەشداریی مەدەنییانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەو کاتەوە و تا ئێستا سەلماندوویانە دامەزراوەیەکی سوودبەخشن بۆ دارشتنی روخسارێکی وجودی مەدەنی بەردەوام لەوێ. رۆڵی سەرەکی PRTs بریتی بوو لە "هاوکاری حکومەتە ناوخۆییەکانی عێراق لە پارێزگاکان لە دارشتن و بەرەوپێشبردنی توانایەکی شەفاف و سەقامگیری فەرمانڕەوایی، بۆ هاندان و برەودان بە ئاسایش و سەروەریی یاسا، بۆ هاندانی گەشەسەندنی سیاسی و ئابووری، و دابینکردنی پێویستییە کارگێڕییەکانی پاریزگاکان بۆ دابینکردنی پێویستییە سەرەکییەکانی دانیشتوانەکە."

ئەمڕۆ لە عێراقدا هەژدە PRTs هەیە، چواردانەیان ئاوێتەن لەناو یەکەکانی سەربازییدا (ePRTs)، و یەک تیمی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکان (PRT) لە باکووری عێراقە.[5] باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەغداد لەم دواییەدا جارێکی تر پێناسەی بۆ پێنج رۆڵەکەی PRTs کردەوە: 1) پشتگیری لە هەڵبژاردنەکان و کارکردن وەک سەکۆیەک بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی تری نێودەولەتی، 2) کارکردن وەک "ناوبژیوانی بێلایەن" بۆ ناوبژی و بەڕێوەبردنی گرژییە ناوخۆییەکان، 3)


هاوکاری کۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراق و دەستگا حکومییەکان بۆ پتەوترکردنی توانایان لە بواری رێزگرتن لە سەروەریی یاسا و پاراستنی، دژایەتیکردنی گەندەڵی، و گەیاندنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، 4) پشتگیری لە ئاوارەکان، 5) هاندانی وەبەرهێنانی بیانی و فرەچەشنیی ئابووری. لە کاتێکدا PRTs بەردەوام دەبن لە کەمترکردنەوەی رێچکەی سەربازی لە 2007، دیدگای حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بریتییە لە ئامادەییەکی رێکوپێکی PRTs لە عێراق تا کانونی یەکەمی 2011، لە شارەکانی نەجەف و ئەنباریش.[6]

قەبارەی وجودی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەشێکی رەنگدانەوەی بایەخدانی واشینگتۆنە بە پەیوەندییەکە، تاکە پێوەر یان گەورەترین پێوەری بەشدارییەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان نییە. باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەغداد، کە گەورەترین بینایەی دیپلۆماسییە لە جیهاندا، ئەو پەیامە بە هەندێک عێراقی دەگەیەنێت کە ئەمریکا دەیەوێت هەبوونێکی بەهێزی هەبێت لە عێراق، و داگیرکردنیان بیر دەخاتەوە، ئەگەرچی باڵیۆزخانەکە دوای گەڕاندنەوەی سەروەری بۆ عێراق دروست کراوە، و لە ماوەی داگیرکارییدا بارەگاکانی باڵیۆزخانەکە هەر لەناو کۆشکەکەی سەدام حسێندا بوو. بەڵام باڵیۆزخانەکە – خەسڵەتەکانی بینایەکە، زەحمەتیی چوونە ژوورەوە، و ژمارەی بەرپرسانی فەرمیی ویلایەتە یەکگرتووەکان –رەمزێکی دڵناخۆشکەری ئەو زلهێزەیە کە دەبێتە مایەی ئەوەی عێراقییە زویرەکان گومانێکی قووڵ لە نیازەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکەن. سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریکی، باڵیۆزخانەکە چەندین گرفتی تر دەنێنێتەوە: پاشماوەی چەندین سەرئێشەی یاسایی و دارایی کە لێپێچینەوەی لەسەر کراوە و رەخنەی لێ گیراوە، و پرۆسەی ئێجگار بیرۆکراسی و رێوشوێنی سەختی ئاسایش کە پێناچێت هانی پەیوەندیکردن بدات لە نێوان بەرپرسانی ئەمریکی و عێراقیی ئاسایی.

بەرپرسانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئیدارەی ئۆباما دان بەوەدا دەنێن وەزارەتی دەرەوە نەیتوانیوە داواکاری زیاترکردنی ژمارەی بەرپرسانی مەدەنی جێبەجێ بکات، و لە جیاتی بەکارهێنانی کارمەندی خزمەتگوزاریی بیانی بۆ جێبەجێکردنی زۆربەی پێویستییە نوێیەکان، بەڵێندەر بەکاردەهێنن. هەر لە بەرنامەی بەڕێوەبردنەوە تا دەگاتە بەرنامەی مەشق بە پۆلیس و تا دەگاتە کاروباری ئاوەدانکردنەوە. ئەم حاڵەتە مەترسی ئەوە دەهێنێتە ئاراوە کە ببێتە مایەی دروستکردنی حەساسییەت لە پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان–عێراق. لە ساڵانی دواییدا، تەنانەت پێش "ڕێچکەی مەدەنی"، زۆربەی ئەوانەی ئاسایشی بنەڕەتییان بۆ ئەمریکییەکان دابین دەکرد، و مەشقی جۆراوجۆر و چالاکییەکانی ئاوەدانکردنەوە و ئابوورییان ئەنجام دەدات، بەڵێندەری کەرتی تایبەت بوون، رەوشی یاسایی هەبوونی ئەمانە لە وڵاتەکە، جێی مشتومڕ بووە، و حەساسییەتیان لەگەڵ حکومەتی عێراق دروست دەکرد. لە چەند رووداوێکدا بەڵێندەرەکان خەڵکی مەدەنی عێراقییان کوشتووە یان بریندار کردووە، بەڵام دەسەڵاتی دادوەریی لە عێراق دەستی نەگەیشتووە پێیان، و دادگا ئەمریکییەکانیش بە بێ تاوان حوکمی داون، ئەمانە لای سیاسەتمەدارە عێراقییەکان ببوون بە بابەتی سیاسی، و

هەروەها لە لایەن پشکنەری گشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە.[7]

هاوکاریی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ عێراق، داواکاری بۆ ساڵی دارایی 2002 - 2011




سەرچاوە: پرۆژەی دانانی بودجە بۆ کاروباری بیانی و بەرگری لە بنکەی ستیمسۆن، www.stimson.org/budgeting

پێوەرێکی تری گۆڕان لە شێوەی هەبوون و بەشداری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراقدا بریتییە لە گۆران لە ئاستی یارمەتییە دەرەکییەکاندا (بڕوانە هێڵکارییەکە). دوابەدوای لەشکرکێشییەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە 2003 دا، ئیدارەی بوش داوای هاوکارییەکی فریاگوزاری و ئاوەدانکردنەوەی کرد کە بە شێوەیەکی نائاسایی گەورە بوو، بە گوژمەی 18 ملیار دۆلار، ئەم هاوکارییە لە ماوەی چەند ساڵێکدا خەرج کرا و مشتومڕێکی زۆری لەسەر بووە چونکە ڕێوشوێنی چاودێری و ژمێرییارییەکی ئاسایی بەسەرەوە نەبووە، و حاڵەتێکی جیاواز بووە کە بریتی بوو لە داواکاری لە کۆنگرێس بۆ تەرخانکردنی سەر–بودجەیەکی تەواوکاری. لە ئێستادا، ئیدارەی ئۆباما کار بۆ تەرخانکردنی دارایی بۆ چالاکییە مەدەنییەکان لە عێراق و زیاترکردنی دارایی بۆ (سندوقی دارایی هێزەکانی ئاسایشی عێراق) دەکات، هەروەها دابینکرنی دارایی بۆ بەرنامەی مەشق، کە بە شێوەیەکی کاوەخۆ بەڕێوەبردن و داراییەکەی دەگوازرێتەوە بۆ بەرپرسیارێتی وەزارەتی دەرەوە. کۆی یارمەتی فریاگوزاری بۆ عێراق بۆ ساڵی دارایی 2011 نزیکەی 3 ملیار دۆلارە، کە 430 ملیۆن دۆلاری بۆ بەرنامەکانی ئابووری و فەرمانڕەوایی (حوکمة) تەرخان کراوە.

لەگەڵ پەرەسەندنی داهاتی نەوتی عێراق بەرەوە سەرچاوەیەکی داهات کە جێی متمانە و مایەی گەشەسەندن بێت، وا پێشبینی دەکرێت عێراق بە خۆی تەمویلی چەندین چالاکی ئاوەدانکردنەوە و ئاسایش بکات، لەگەڵ هاوکاریی بیانی لە بواری یارمەتیی تەکنیکی بۆ کەرتەکانی تەندروستی، پەروەردە، و کەرتەکانی تر. ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ گەشەی نێودەوڵەتی (The US Agency for International Development) گۆرانی بەرنامەکەی وەها پێناسە دەکات کە "لە دابینکردنی کورتخایەنی خزمەتگوزارییە بنچینەییەکانەوە

بەرەو گەشەسەندنێکی درێژخایەن، هەمەلایەن، کە عێراق بەخۆی بەڕێوەی ببات.“ سەبارەت عێراق و ئەو بەرپرسە ئەمریکییەکانی لە عێراق کار دەکەن، گۆڕانەکە هەروەها مانای ئەوەیە کە عێراق پێویستە بکەوێتە کێبڕکێ لەسەر وەرگرتنی هاوکاریی دارایی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە بۆ وەرگرتنی هاوکارییە داراییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەرێمەکە و لە جیهاندا پاڵێوراون.

بەشێکی وجودی مەدەنی لە عێراق بریتییە لەو ئەمریکی و ستافە نێودەوڵەتییانەی کار بۆ رێکخراوە ناحکومییە ئەمریکییەکان دەکەن (NGOs)، کە خۆیان تەرخان کردووە بۆ هاوکاری عێراق بۆ بنیاتنانەوەی دەستگاکانی و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی دیموکراسی. بە پشتبەستن بەو ئەزموونەی ئەم دەیان ساڵەی دوایی لە وڵاتانی پاش-دیکتاتۆرییەت و پاش-ناکۆکی لە ئەفریقیا، بەلکان، و شوێنی تر، ئەم رێکخراوە ناحکومییانە بە سەربەخۆیی کار دەکەن، بەڵام چالاکییەکانیان تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ ئامانجە سیاسییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان یەک دەگرێتەوە. لە زۆر حاڵەتدا، کارەکە لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان یان USAID ەوە دارایی بۆ دابین دەکرێت، ئەو رێکخراوانەی لە هەموویان گەورەتر و زێتر خاوەن ئەزموونن – پەیمانگەی ئەمریکی بۆ ئاشتی و گروپەکانی سەر بە بەخششی نیشتمانی بۆ دیموکراسی، ئینستیتوتی نیشتمانیی دیموکراتی و ئینستیتوتی کۆماریی نێودەوڵەتی– لە لایەن کۆنگرێسەوە داراییان بۆ دابین دەکرێت. لە ساڵی 2003 ەوە، بە تایبەتی USIP و NDI رۆڵێکی پڕبایەخیان بینیوە لە پشتگیری و گەشەسەندنی تواناکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی عێراق. ئەم چالاکییانە بەشێکی گرنگن لە بەشداریی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە گەشەسەندنی سیاسی لە عێراق.[8]

رەوشی ئاسایش کۆتوبەندی خستۆتە سەر جموجوڵ و چالاکییەکانی ئەمریکاییە فەرمی و نافەرمییەکان لە کۆمەڵگەی عێراقیدا، تەنانەت سەرەڕای چاکبوونی رەوشی ئاسایش، هێشتا حکومەت و رێکخراو و کۆمپانیا گەورەکان دوودڵن لە هەڵگرتنی رێوشوێنە توندەکانی ئاسایش و سەرکێشی. یەکێک لە ئامانجە یان پێوەرە گرنگەکانی سەقامگیری عێراق بریتی دەبێت لە جموجوڵی ئاسانی ئەو ئەمریکییانەی لە بواری ئاوەدانکردنەوە و چالاکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا کار دەکەن، ئەم پەیوەندییانە پڕبایەخن بۆ تێگەیشتنی درێژخایەن لە سیاسەتی ئەمریکی و توانای بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییە سەرەکییەکانی بنیاتنانی دامەزراوەکان و فەرهەنگێکی زیاتر دیموکرات.

## باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەغداد

باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەغداد هەرە گەورەترین باڵیۆزخانەیە و زیاتر لە هەر باڵیۆزخانەیەکی تر کە تا ئێستا دروست کرابێت پارەی تێچووە. دەکەوێتە کەناری رووباری دیجلە لە ناوچەی نێودەوڵەتی (International Zone)، و رووبەرەکەی هێندەی شاری ڤاتیکان دەبێت، وا دروست کراوە جێگەی 1000 کارمەندی دیپلۆمات و ستافی تێدا ببێتەوە، سەرەڕای کارمەندانی ئاسایش و کارمەندانی ناوخۆیی. لە کانونی دووەمی 2009 دا کرایەوە دوای ئەوەی چەند جارێک دواکەوت بە هۆی گرفتی بیناسازییەوە و بە هۆی ریسواییەکەی بەکارهێنانی بەڵێندەرێکی کوێتییەوە کە تۆمەتبار بوو بە کاروباری نایاسایی لە بواری کار و ئاستی نزمی کارەکانیدا، سەرەڕای ئەو بودجە ئێجگار گەورەیەی بۆی تەرخان کرابوو.

باڵیۆزخانەکە لە گەرمەی ماوەی زەبروزەنگی عێراقدا، پلانی بۆ داڕێژرا و بنیات نرا. لەم ماوەیەدا، قەبارەی گەورەی دەسگاکە ئەو مەترسییانەی پشتڕاست دەکردەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر بناغەی پاترۆن (کەسی خاوەن نفوز) و کلایەنت (سوودمەند) سەیری پەیوەندییەکەی خۆی لەگەڵ عێراق دەکات و تا ئاییندەیەکی بەرچاو دەمێنێتەوە. ئەوەی رەوشەکەی خراپتر کرد بوو بریتی بوو لەو راڤەیەی بۆ دیزانی باڵیۆزخانەکە دەکرا، کە حەوزی مەلە و سینەماشی تێدا بوو، وەک بەڵگەیەک لەسەر لوتبەرزیی و بێئاگایی ئەمریکی لە کاتێکدا کە زۆربەی عێراقییەکان خاوەنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و ئاسایش نەبوون. لە راستیدا، دیزاینەکە کە وەک قەڵایەکی سەخت و گۆشەگیر کرابوو، لەگەڵ تەلارسازییە بێتام و سندوقییەکەی بینای باڵیۆزخانە نوێیەکە، لای عێراقییەکان ئاماژەی دا بە گۆشەنیگایەکی ئاسایشییانەی وجودی ئەمریکی نەوەک پێگەیەک بۆ فەرهەنگ و بەهاکانی ئەمریکا، نەوەک کەنالێک بۆ قووڵکردنەوەی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەمریکا.

ئەمڕۆ، لە ئەنجامی کارکردن بۆ بە-مەدەنیکردنی چالاکییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراق، قەبارەی کارمەندانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغداد نزیکەی سێ ئەوەندە زیاتر کراوە. ئەم بەرفراوانکردنە کتوپڕە هۆیەکەی بریتییە لە گواستنەوەی سەرچاوەکان و دەسەڵاتەکان لە پینتاگۆنەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە، بۆ ئەنجامدانی مەشقی پۆلیس و

بەرنامەی تری بنیاتنانی توانای کارمەندانی کەرتی تری ئاسایش. ویلایەتە یەکگرتووەکان هەروەها دانی ناوە بە پێداویستبوونی بەرفراوانترکردنی وجودە دیپلۆماسییەکەی لە دەرەوەی ناوچەی نێودەوڵەتی و بەغداد. ئیدارەی ئۆباما لەم دواییەدا چەند پلانێکی راگەیاند بۆ گۆڕینی بارەگاکانی (تیمەکانی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکان) بۆ کونسولگەریی ویلایەتە یەکگرتووەکان- یەکێک لە بەسرە و ئەوەی تر لە کوردستانی عێراق – بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی باشتری دیپلۆماسی بە خەڵکی عێراق.

لەبەر چەند هۆکارێک، کە گرنگترینیان بریتییە لە کشانەوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دیسانەوە هەندێک بایەخ بە کارکردن بە شێوەیەکی مانابەخش لەگەڵ کۆمەڵگەی عێراق دەدات. نموونەیەکی نوێی ئەمە بریتییە لە کردنەوەی لاپەڕەی فێیسبووک Facebook ی باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەغداد، بە مەبەستی پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵکی عێراق و ئاڵوگۆڕی زانیاری لەسەر باڵیۆزخانەکە و چالاکییەکانی. یەکێک لەو شتانەی جێی سەرنجە بریتی بوو لە بەکارهێنانی لاپەڕەکە لە کاتی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی 2010 دا بۆ ئاسانکاریی ئاڵوگۆڕی زانیاری و نووسینی راپۆرت لە وێستگەکانی دەنگدانەوە. کارمەندانی باڵیۆزخانەکە هەروەها زانیاری و بەیاننامە بە هەردوو زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکەنەوە، و هانی دایەلۆگ بە هەردوو زمانەکە دەدەن. ئەگەرچی دەستپێشخەرییەکی بچووکە، بەڵام بۆتە سەکۆیەک و رەمزێک بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دوولایەنە – بەردی بناغە بۆ ئاییندەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان – عێراق.

# تێچووی مرۆیی جەنگ: ئاوارە و سەربازی دێرین

ئیدارەی ئۆباما دوو بابەتی دەستنیشان کردووە کە پێویستی بە بایەخپێدانی زیاترە لە ماوەی ئینتقالیی ئێستادا: پشتگیری زیاتر لە گەڕانەوەی سەربازەکانی ئەمریکا لە جەنگی عیراق، و هاوکاریی نێودەوڵەتیی زیاتر بۆ پەنابەرانی عێراقی، هەم بۆ ئاوارەی ناوخۆ، و هەم بۆ ئاسانکاری بۆ گەڕانەوەی خۆبەخشانەی ئەو عێراقییانەی هەڵهاتوون بۆ هەندەران. رەنگە لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگدا پێشەنگێتی (ئەولەوییەت) ە سیاسییەکان بریتی بێت لە بایەخدان بە تێچووە مرۆییەکەی جەنگ و زیانە هەمەلایەنەکەی ئەو شتەی ئێستا پێی دەڵێن "جەنگی هەڵبژاردە". بەڵام هەروەها ئەوە هەڵوێستێکی سیاسییە و ئیدارە نوێیەکە بە روونی دەریبڕیوە کە ناڕازییە لەگەڵ ئیدارەکەی پێش خۆی لەسەر خودی جەنگەکە، و چۆن بتوانرێت کار بکرێت لەسەر کەمکردنەوە و بەڕێوەبردنی زیانەکانی لە بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

- مەینەتیی سەربازە گەڕاوەکان گرفتێکی ناوخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکانە و رەهەندی سیاسی و کۆمەلایەتی هەیە. لەناو نزیکەی دوو ملیۆن سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا کە بۆ عێراق یان ئەفغانستان رەوانە کراون، نزیکەی 60 دەرسەدیان ئێستا شایانی ئەو یارمەتییانەن کە (وەزارەتی کاروباری سەربازی دێرین) دەیدات. بەرنامە تەقلیدییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ سەربازە گەڕاوە و بریندارەکان لە لایەن وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی کاروباری سەربازی دێرینەوە بەڕێوە دەچێت و بە خراپی سەلماندوویەتی کە گونجاو نییە لەگەڵ قەبارەی پێویستییەکانی سەربازە دێرینیەکان. جۆری ئەو گرفتە سۆزی و دەروونییانەی سەربارە گەڕاوەکان پێوەی دەناڵێنن زۆر جار وا پێویست دەکات سەربازەکە لەژێر چاودێری و بایەخپێداندا بێت تا لە ژیاندایە، و سەرەڕای ئەمەش، ئەو سەربازانە دەگەڕێنەوە لە کاتێکدا دەگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵگەی ئەمریکی کە رەوشی ئابووری سەختە، و بەم شێوەیەش بە زەحمەت تێکەڵاوی کۆمەڵگەکانیان دەبنەوە، کە رەنگە ئێستا هەلی کاری کەمتر و خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی کەمتری تێدا بێت.
- لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، ئەو مەدەنییانەی کە لە عێراق خزمەتیان کردووە و ئەمە ئەزموونێک بووە کە شێوەی ژیانی گۆڕیون، رەنگە گروپێکی نافەرمی بایەخدەر پێک بهێنن و بایەخ بدەن بە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەمبەر عێراق. چەندین سەربازی کاتی جەنگی ڤیتنام ئەم ئەزموونەیان هانی دان پرۆتێست بکەن لە دژی جەنگ، پشتگیری لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان بکەن، و بەشداری بکەن لە پرۆژەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بۆ یارمەتیدانی چاکبوونەوەی ڤیتنام لە ئاسەواری جەنگەکە. ئەو سەربازانەی لە عێراق دەگەڕێنەوە بێگومان تێڕوانینی جۆراوجۆریان هەیە لەسەر سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کار بکەنە سەر تێڕوانینی ئەمریکی تر لەسەر عێراق و هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر ئاییندەکەی.

## هەوڵدان بۆ یارمەتیدانی سەربازە گەڕاوەکان

بە بەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو، پرۆژە بودجەی ساڵی دارایی 2011 ی سەرۆک ئۆباما داوای زیاترکردنی 11 بلیۆن دۆلار دەکات بۆ بودجەی (وەزارەتی کاروباری سەربازی دێرین)، کە 1.4 بلیۆن دۆلاری بە تایبەتی تەرخان دەکرێت بۆ چاودێریی پزیشکیی سەربازە گەڕاوەکان. هەروەها هەوڵ دەدات چاودێرییەکە 500000 سەربازی دێرینی تر تا 2013 بگرێتەوە. پرۆژەکەی دان دەنێت بە پێداویستی

روو لە زیادبووی پشتگیریکردن لەو سەربازانەی کە بە جەستە بریندار نەبوون و بە دەست نیشانەکانی شەکەتیی پاش ترۆومە (تاسان)ەوە (Post-Traumatic Stress Disorder (PTSD)) و برینداریی هزریی تاسانەوە، دەناڵێنن، لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر ڕێژەی تووشبوون لەناو ئەوانەدا کە لە عێراق و ئەفغانستان گەڕاونەتەوە بە 20 تا 50 دەرسەد دادەنێت. ئۆباما هەروەها خۆی پابەند کردووە بە جێبەجێکردنی یاسایەکی 2008 کە تایبەتە بەو سەربازانەی دوای 10 ئەیلولی 2001 خزمەتیان کردووە، ئەمانە بۆیان هەیە لە زانکۆکانی حکومەت تا 63 مانگ یارمەتیی خوێندنیان بدرێت. ڕێژەی بەرزی ئەو سەربازە دێرینانەی بێ لانە و ماڵن بووە مایەی ئەوەی کۆشکی سپی لەگەڵ ڕێکخراوە قازانج نەویستەکاندا بەرنامەیەکی دەستپێکی و یەکەمین رابگەیەنێت بۆ یارمەتیدانی ئەوانەی لە مەترسیدان، و 799 ملیۆن دۆلار بۆ بەرفراوانکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەوانەیان کە لەسەر شەقامەکانن.

پێویستە کۆمەڵگەی ئەمریکی بەشە ئەرکی سەرشانی خۆی راپەڕێنێت لە ئاسانکاری بۆ گەڕانەوەی سەربازەکان، زۆر لەوانە دووچاری کەمئەندامی بوونەتەوە، زۆر لەوانە ترۆومە(تاسان)یان هەیە ئەگەرچی بەچاو نابینرێت بەڵام هەندێک جار لە رەفتاری دژە-کۆمەڵایەتیدا خۆی پیشان دەدات، یاخود ئالوودەی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر یان تاوان بوون. بە گوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی کاروباری سەربازی دێرین، نزیکەی 10 دەرسەد لەو کەسانەی تۆماری تاوانکارییان هەیە، سەربازە دێرینەکانن. لە سەرتاسەری وڵاتدا، دادگاکان ئێستا خەریکی لێکۆڵینەوە و ئەزموونن لەسەر شێوازی چاککردنەوەی ئەو سەربازە دێرینانەی کە تاوان دەکەن، نەوەک سزادانیان بە زیندان کە لەوێ ئەو ترۆومانەیان کە پەیوەستن بە جەنگەوە، چاک نابێتەوە. 22 پسپۆڕ لەو پسپۆڕە تایبەتییانەی دادگا، ئێستا لە سەرتاسەری وڵاتدا خەریکی کارکردنن، کە هەر هەموویان جەخت دەخەنە سەر چارەسەر بە چاککردنەوە و گەڕاندنەوەیان بە گوێرەی سیستمی دادوەری. لە بوفالۆ، نیویۆرک، کە تێیدا یەکەمین دادگای لەم جۆرە دامەزرا، ئێستا 120 سەرباز لە دووتوێی ئەم بەرنامەیەدان. لە نێو ئەوانەدا کە بەرنامەکەیان تەواو کردووە، ڕێژەی حاڵەتی گەڕانەوە بۆ رەوشی تاوانکاری (نەزعەی ئینتیکاسی) سفر بووە (واتە هەموویان چاک بوونەتەوە).[9]

- ئیدارەی ئۆباما هەروەها جەختی کردۆتەوە لەوەی پێویستە نیشتەجێکردنی درێژخایەن بۆ نزیکەی دوو ملیۆن عێراقی بدۆزرێتەوە کە وەک پەنابەر یان میوانی کاتی، لە هەندەران دەژین، هەروەها بۆ ئاوارەی ناوخۆی عێراق. شکستهێنان لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک کە ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی و سەلامەتی رەنگە ببێت بە سەرچاوەیەک بۆ ناسەقامگیری ئەو وڵاتانەی تێیدا ئاوارە بوون، و ئاماژەیەک بێت بە لاوازیی عێراق لە بەدەستهێنانی ئاشتەواییەکی راستەقینە لەناوخۆی وڵات. زۆربەی پەنابەرەکان لە سوریا و ئوردن دادەنیشن، و بە مەزەندەی (رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ) ژمارەی ئەو پەنابەر و ئاوارانەی گەڕاونەتەوە بۆ زێدی خۆیان، لە 200000 زیاتر نییە. بەرنامەی حکومەت بۆ پشتگیری و دابینکردنی خزمەتگوزاری هێندەی نەبووە کە ببێتە مایەی سڕینەوەی نیگەرانییەکانی ئاوارەکان لە هەمبەر ئاسایش و هەلی ئابووری. رێژەیەکی کەم لە پەنابەرەکان لە باکووری ئەوروپا و لە شوێنی تر وەک پەنابەر و کۆچبەر وەردەگیرێن، ئەگەرچی چاکبوونی رەوشی ئاسایش لەم دواییەدا لەناو عێراق بووەتە مایەی گۆڕانی پێوەرەکانی مافی پەنابەرێتی لە ئەوروپا و شوێنەکانی تر، ژمارەیەکی کەمیان ئەم دەرگایەی لە پێش کراوە دەبێت بۆ وەرگرتنی مافی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی.
- لە بواری سیاسەتدا، سەرۆک دوو بەرپرسی گەورەی دەستنیشان کردووە، یەکێکیان لە کۆشکی سپی و ئەوەی تر لە وەزارەتی دەرەوە، بۆ بایەخدانی زیاتر بە گرفتەکانی پەنابەران، و بۆ هەڵسەنگاندنی چەندین ئەگەر، هەر لە دابینکردنی دارایی زیاترەوە بۆ پشتگیری پەنابەران لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تا دەگاتە ئەوەی وڵاتانی تر مافی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی بە ژمارەیەکی زیاتری عێراقی بدەن. لە چەند ساڵی یەکەمی دوای 2003 دا، تەنها ژمارەیەکی ئێجگار کەمی عێراقییەکان توانیان خۆیان بگەیەننە ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە 2007 ەوە ژمارەکە بەرز بۆتەوە و پێدەچێت ساڵانە ژمارەکە بگاتە 15000–20000. نزیکەی دوو هەزار عێراقی کە لەبەر کارکردنیان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان دووچاری مەترسی بوونەتەوە، ڤیزای پەنابەریی تایبەتییان پێدراوە. بۆ ساڵی ئابووری 2011، سەرۆک ئۆباما داوای تەرخانکردنی 360 ملیۆن دۆلاری کردووە بۆ پەنابەرە عێراقییەکان، بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ پشتگیری لە یارمەتی نێودەوڵەتی لە ئوردن و سوریا، ئەمە زیاترکردنێکی بەرچاوە بە بەراورد لەگەڵ 300 ملیۆن دۆلارە تەرخانکراوەکەی 2010 بۆ پشتگیری لە پەنابەرە عێراقییەکان، قوربانیانی زەبروزەنگ، و ئاوارەی ناوخۆ.[10] بەڵام گرووپەکانی هاوپشتی نیگەرانن لەوەی ئەو قسە بەرایيانەی ئیدارە نوێیەکە سەبارەت بە پەنابەرانی عێراقی، سەرچاوەی پێویست و هەلی کۆچکردنی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ نەبووە، وەک پەنابەر بێت یان کۆچبەر.

# تێڕوانینی عێراقی لە پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراق

عێراقییەکان بۆچوونی جۆراوجۆر و هەندێک جاریش دژ بەیەکیان هەیە لە بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکان و سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان. هەڵوێست لە بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕەنگە بە شێوەیەکی گشتی ڕەنگدانەوەی جیاوازیی سیاسی هەنووکەی عێراق بێت، ئەوانەی پشتگیری لە حکومەتی بەغداد دەکەن ڕەنگە بە شێوەیەکی ئاسایی زیاتر لایەنگری ئەمریکا بن وەک لەوانەی دژی حکومەتەکەن (وەک ڕکابەرە سیاسییەکان، وەک ئۆپۆزیسیۆنە سیاسییەکانی حکومەتەکە). سیاسەتمەدارانی سوننە و گروپە عەلمانییەکان کە وردە وردە خەریکن بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا دەکەن ڕەنگە لایەنگری ئەمریکا بن لە بواری بەها دیمۆکراتییەکان و بە پەسەندکردنی شێوازێکی مۆدێرن و عەلمانیی سیاسەت، بەڵام بەوەی دوای ڕوخانی سەدام شیعەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست وا هەستیان دەکرد ئەمریکا ئامێزی بۆ هێزەکانی شیعە کردۆتەوە و ئەمان دوور خراونەتەوە. کاتێک ویلایەتە یەکگرتووەکان لە 2007 دا دەستی بە یەکەمین بەرنامەی دژە یاخیبوون کرد بۆ ناچارکردنی سوننەکان بۆ ئیدانەکردنی توندڕەوی و هاوکاریکردن لەگەڵ هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و عێراق، بەندۆڵەکە چووە لایەکەی تر، و هەندێک شیعەی عێراق ترسی ئەوەیان لێ نیشت کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە نیازە چینێکی سیاسیی باڵادەستی سوننە بەهێز بکاتەوە. حکومەتی ئێستا لە بواری هەیکەلییەتەکەیەوە چاوبەرەوژێری ویلایەتە یەکگرتووەکانە، تەنانەت لە هەوڵدانیدا تا بتوانێت پێویستییەکانی ئایدیۆلۆجیاکانی تر و فەرهەنگەکانی تر بەڕێوە ببات و لەگەڵ ئەوانەی تردا بە هاوسەنگی ڕایان بگرێت، وەک نفوزی ئێران و داواکارییەکانی لایەنگرە تەقلیدی و ئایینییەکانی خۆیان.

پێدەچێت عێراقییەکان، بە هەموو شەبەنگە سیاسییەکانییانەوە، ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەم ساڵانەی دواییدا بۆ دابینکردنی سەقامگیری زیاتر بۆ وڵات دوای زەبروزەنگی سەختی 2006-2007، بەرز بنرخێنن. لە ڕاپۆرتێکی نافەرمیدا هاتووە کە تەنانەت هێزە ڕادیکالەکانی وەک موقتەدا سەدر پێی وابووە کە وجودی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەندێک سوودی هەبووە، و چەندین جار ویستویەتی هاوکاری هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکات. مشتومڕی ناوێت کوردەکان بڕوایان وایە مانەوەی درێژخایەن و بەشدارییەکەی ئەمریکا ئێجگار پربایەخن بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەکەیان و بۆ سەقامگیری وڵات بە گشتی. ئەو سوننانەی بە جەستە یان بە سیاسەت بە هۆی ڕووداوەکانی 2003 ەوە دوور خراونەتەوە هەست و سۆزی دژیەکیان هەیە، بەڵام زۆریان هیوادارن درێژەی ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراق ببێتە سوود و خێر بۆ بەرژەوەندییەکانیان، وەک ڕێگەگیری لە گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت و /یان زیانەخۆری ئێران.

لەگەڵ ئەو کێبڕکێ توندەی عێراق بەخۆیەوە دەبینێت لەسەر دەسەڵات و نفوز، و

لەگەڵ ئەوەی کە هەڵبژاردنەکان دەبنە رادەستکردنی سەرکردایەتی وڵات، رەنگە بایەخ و خوازیاریێتی پەیوەندی پتەو لەگەڵ واشینگتۆن لە بەرزبوونەوە و دابەزیندا بێت. لە هەموو حاڵەتێکدا، ئەو بڕوایە هەیە کە نوخبەی ئێستا سیاسەت یان هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی لا پەسەند دەبێت لە سەر هەندێک بابەتی هەرێمایەتی، وەک ناکۆکی عەرەب-ئیسرائیل یان ئێران، بەڵام هەروەها ئەوە پیشان دەدات کە لە بڕوابەخۆبوون و روخساری عێراقدا ئەوە دەردەکەوێت کە دەیەوێت پەیوەندییەک، یان رەنگە ئیمیتیازێک، بە واشینگتۆنەوە ببیەستێتەوە. رەنگە ئەزموونەکە وای پیشان بدات عێراق، زیاتر لە وڵاتانی تر، لە سنووردارێتی و لایەنە نەرێنیەکانی دەسەڵاتی ئەمریکا تێبگات، بەڵام مەزەندەی خۆیان هانیان دەدات ئەمە بە پێشنیازێکی درێژخایەن دابنێن.

# هەڵبژاردنەکانی ئازاری 2010

ویلایەتە یەکگرتووەکان بابەتێکی بەرچاو نەبوو لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی 2010. ناوبەناو هەندێک گرفت هەبووە، وەک کاتێک جێگری سەرۆک بیدن پێشنیارێکی پێشکەش کرد بۆ چارەسەری ئەو قەیرانەی پێش هەڵبژاردن سەری هەڵدا کاتێک لیژنەی داد و لێپرسینەوە بڕیارێکی سەبارەت بە ناشایستەیی هەندێک پاڵێوراو دەرکرد، سەرۆکایەتیی لیژنەکە لە دوو کەس پێک دێت کە بە خۆیان لە هەڵبژاردن بەشدارن. بەڵام لای دەنگدەر هەبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراق، و داوای خاوکرنەوە یان پەلەکردن لە کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراق بابەتێکی هێندە پڕبایەخ نەبوو. ئەگەرچی هێشتا دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئازار دیار نییە، بەڵام پرۆسەکە بە گشتیی سەرکەوتوو بووە. بەشداریی دەنگدەران بەرفراوان بوو، بەشداری سوننەکان بەهێزتر بوو لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو، زەبروزەنگ لەژێر کۆنترۆڵ بوو، و وا دیارە هەندێک هاوپەیمانێتی نوێ، بەدەر لە تایەفەگەری، لە هەڵبژاردنەکاندا سوودی هەبووە.

ئەگەر ئەنجامەکان ئەوە پیشان بدەن دەنگدەران کەمتر بایەخیان بە ناسنامەی تایەفەیی دابێت و زیاتر بابەتە نیشتمانییەکانی سیاسییە جۆراوجۆرەکان هاندەریان بووبێت، رەنگە عێراق وەک قۆناغێکی پڕبایەخ لەم هەڵبژاردنە بڕوانێت بۆ هاوسەنگکردنەوەی سیاسەتی نیشتمانی. عێراقییەکان بۆیان هەیە شانازی بکەن بەو فەرهەنگە چالاکە سیاسییەی لە ئارادایە، کە، بە بێ کڵێشە تەقلیدییەکانی وصایەی سیاسیی هەرێمەکە، تێیدا قەوارەی سیاسی دروست دەکرێت و ریفۆرمیان تێدا دەکرێت. بەڵام هەروەها ئەم دینامیکیەتە رەنگە ببێتە مایەی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت، و دواکەوتنی پێکهێنانی کۆدەنگی لەسەر گرفتە نیشتمانییەکان و دروستکردنی بڕیار. رۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەموو ئەمانەدا لاوەکییە (ثانویە)، ئێستا بڕیار بەدەستانی ئەمریکا پارتە فرە تایفەیی و ناتەیفەگەرەکانیان لا پەسەندە، دوای سیاسەتی خەوشداری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەپاندنی یان هاندانی تایەفەگەری لە 2003 دا بە مەبەستی

پیشاندانی "نوێنەرایەتیکردن"ی قەوارە سیاسییە نوێیەکان. ئەم جارە، لە 2010 دا، عێراقییەکان بە خۆیان گۆڕانکارییان ئەنجام دا، بەرەو شێوەیەکی نوێتری سیاسەت.

ئەگەر لە رادەستکردنی دەسەلاتدا سەرکردایەتی عێراق گۆڕا – پارتێکی نوێ یان هاوپەیمانێتییەکی نوێ بۆ دەسەڵات و لە شوێنی سەرۆکایەتییە سێ کەسییەکە تاکە سەرۆکێکی نوێ هەڵبژێدرا لە لایەن پەرلەمانەوە – پەیوەندیی دوو لایەنە رووبەڕووی هەندێک ئاستەنگ دەبێتەوە چونکە پێویستە بەرپرسە ئەمریکییەکان لایەنە نوێیەکان بناسن. لەمە گرنگتریش ئەوەیە ئاخۆ حکومەتێکی نوێ شێوازێکی جیا دادەڕێژێت بۆ پەیوەندی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان. ئەگەر هاوپەیمانێتییەکی عەلمانی بناغە بەرفراوان دەسەلاتی گرتە دەست، مرۆڤ دەتوانیت پێشبینی هەندێک بەرەوپێشچوون بکات لە جۆری پەیوەندییەکە و لە ئامادەیی بۆ هاوکاری لەسەر بابەتە هەرێمایەتییەکان و چاکسازی.

دیاریکردنی ئەو کەسەی سیاسەتی دەرەوەی عێراقیش دادەڕێژێت ئەنجامێکی گرنگی هەڵبژاردنەکەی ئازار دەبێت. وەزیری دەرەوەی نوێ و/یان سەرۆک وەزیران رەنگی سیاسەتی دەرەوە دەرێژێت. زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە درێژەی هەڵوێستە ئێجگار ئەرێنییەکە بێت لە هەمبەر واشینگتۆن: شەراکەتەکە تا ئێستا سوودی ئاسایشی بۆ حکومەتی بەغداد هەیە، تەنانەت بە شێوەی ناڕاستەوخۆ، و هیچ کام لەو پارتانەی کە زۆرترین دەنگەکان بەدەست دەهێنن ناخوازن هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە پەلەتر بکشێنەوە، هەمان شت بۆ کشانەوەی سەرچاوە و بایەخپێدانی سیاسی ئەمریکا. حکومەتی داهاتوو، بە هەرحاڵ، پێویستە زیاتر سیاسەتی بەرەوپێشچوون لە هەرێمەکەدا و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دابڕێژێت، هەروەها لە ئامادەیی بۆ کارکردن لەگەڵ ئاستەنگی سەختی سیاسی چونکە ئێرانیش رۆڵی دەبێت لە دارشتنی سیاسەتەکەدا و هەڵوێستی دەبێت لە هەمبەر پەیوەندی دوو لایەنە.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، ماوەی داگیرکردن بە دیدێکی عێراقی لە لایەن مێژوونووسان، سیاسەتمەداران، و رۆژنامەوانانەوە دەنووسرێتەوە. عێراقییەکان چۆن مێژووی 2003–2012 دەنووسنەوە، و چۆن بۆ عێراقییە گەنجەکان و نەوەی نوێ باس دەکرێت و بە وانە دەگوترێتەوە، بێگومان ئەمە کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان–عێراق دەبێت. پێدەچێت تێڕوانینی عێراقییەکان لە بەها و کاریگەری بڕیاری رووخاندنی سەدام لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، هەر بە دابەشبوویی بمێنێتەوە، و هەندێک کەس بە تراژیدییایەکی دەزانن کە زیانێکی بەردەوامی بە کۆمەڵگەی عێراق و سەقامگیری هەرێمایەتی گەیاندووە. ئەم بۆچوونانە رۆڵیان دەبێت لە دارشتنی تاوتوێی جەماوەریی ناو عێراق لەسەر پەیوەندییەکان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان.

میدیای عێراق رۆڵی دەبێت لە دیاریکردنی بۆچوونی جەماوەری عێراق لە بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکان. لەگەڵ بەرفراوانبوونی خێرای دەستگاکانی میدیا و بەرنامەکانی پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ مەشقکردن بە رۆژنامەوانان و بەرگری لە

ئازادیی رۆژنامەگەری، پێدەچێت رۆژنامەوانی نەشونما بکات لە عێراق. لە 2004 دا زیاتر لە 90 ئێزگەی تەلەفیزیۆن و رادیۆ لەناو عێراقەوە پەخشیان دەکرد، و زیاتر لە 100 رۆژنامە چاپ دەکران.[11] ئەم ژمارانە بەردەوام لە زیادبووندان، وەک زیادبوونی دامەزراندنی رۆژنامەی ناوخۆی و ماڵپەڕی نوێی هەواڵی عێراقی. عێراقییەکان هەروەها دەتوانن سەیری کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکانی وڵاتانی عەرەبی بکەن، کە گۆشەنیگای وڵاتانی خۆیان لە هەمبەر کاروبارە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان دەڕێژنە ناو کەشە سیاسییەکەوە.

## ئەمریکی و عێراقییەکان تاوتوێی ئاییندەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان– عێراق دەکەن

لە تشرینی یەکەمی 2009 دا، بنکەی ستمسۆن (Stimson Center) دایەلۆگێکی رێکخست لە نێوان ئەمریکییەکان و عێراقییەکان، بەشداربووان پسپۆڕی بواری جۆراوجۆری سیاسەت، ئاسایش، و سیاسەتی دەرەوە بوون. لایەنی ئەمریکی پێک هاتبوو لە کەسانی ئەکادیمی، رۆژنامەوان، و ئەو کەسانەی لە عێراق خزمەتیان کردووە لە بواری ئەرکی سەربازی، گەڕان بە شوێن چەکی کۆمەڵکوژ، و گۆڕینەوەی زانستدا. لایەنی عێراقی پێک هاتبوو لە ئەندامانی پەرلەمان، چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی، رۆژنامەوانان، و بەرپرسانی پێشووی حکومی. وتووێژەکە لە پەرلەمانی کەنەدا لە ئۆتاوا ئەنجام درا، و باڵیۆز موختار لامانی، ئەندامی باڵای میوان لە بنکەی کەنەدی بۆ داهێنانی حکومڕانیی نێودەوڵەتی و نوێنەری تایبەتی پێشووی کۆمکاری عەرەب لە عێراق لە 2006–2007، و پەرلەمانتار باوڵ دیوار دانیشتنەکانیان بەڕێوە دەبرد.

گفتوگۆکان لە تاوتوێیەکی بەرفراوانەوە لەسەر چۆنیەتی داڕشتنی ئەجێندا بۆ ئەم ماوە ئینتقالییە رووی کردە بوارە بەرفراوانەکانی هاوکاری: هاوکاریی ئاسایش دوای کشانەوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بنیاتنانی پرد لە بواری ئابووری، فەرهەنگی و تەکنەلۆجیادا، هەڵسەنگاندنی خاڵە هاوبەشەکان و ناکۆکەکانی بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و عێراق. لە دەرەنجامی دایەلۆگەکەدا چەند بۆچوونێک سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان–عێراق لە 2015 دا، داڕێژرا.

## خاڵەکانی تەبایی

بەشدارانی هەردوو وڵات زۆر بۆچوونی هاوبەشیان هەبوو سەبارەت بەوەی پەیوەندییەکە لەسەر بناغەیەکی پتەوە، و هەندێک خاڵی لاوازیی هەن کە پێویستە بایەخیان پێبدرێت. لەسەر ئەوە کۆک بوون کە هەردوو وڵات بەرژەوەندییەکی قووڵیان هەیە لە دەربازبوونی عێراق لەم ماوەیە بە هێزێکی ڕێژەییەوە و بە دەولەتێکی شایستەوە کە بتوانێت یەکێتی، سەقامگیریی، سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و بتوانێت بەرگری لە خۆی بکات لە بەرامبەر دەستێوەردانی دراوسێکانی یان هەڕەشەی تری ئینتقالی. زۆر کۆک بوون لەسەر بوارەکانی ئاسایش و دادوەری، هاندانی چاکسازی و دیمۆکراتیزە، و هاوکاریی عێراق لە ئاساییکردنەوەی هەڵویستەکەی لە بەرامبەر نەتەوە یەکگرتووەکان (هەڵگرتنی ڕەوشی چاپتەری حەوت) و ئاسایی کردنەوەی پێگەی لە هەرێمەکەدا.

سەبارەت بە لایەنە نەرێنییەکان، زۆر لە بەشداربووان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە هێشتا پەیوەندییەکە بەدەست نەبوونی متمانەوە، و بە دەست توانای زۆر بەرتەسکی ئاخاوتنی دیپلۆماتە ئەمریکییەکان لەگەڵ جەماوەری عێراقی بە عەرەبی (یان کوردی) دەناڵێنێت. شەفافییەتی پێکەوە ئاخاوتنی سەرکردەکان و ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراق لە لایەن سەرکردەکانەوە بۆ جەماوەرەکانیان گرفتێکی دوو لایەنەیە، ئەگەرچی بەشداربووان پێیان وابوو سەرۆک وەزیران نوری مالیکی فێری وانەیەکی بەهادار بووە کاتێک پشتگیری میللی (جەماوەریی) بەدەست هێنا بۆ ڕێککەوتننامەی دوو قۆڵی 2008 ئەو کاتەی بە ڕاشکاوی قسەی بۆ خەڵکی عێراق کرد.

لە بواری ئاسایشدا، بەشداربووان هەمان نیگەرانییان هەبوو لەسەر پلاندانان بۆ بنیاتنانی وردە وردەی هێزە تەقلیدییەکانی عێراق، بە بێ دیاریکردنی ئەرکەکانی ئەو هێزانە. شێوازی شت کڕین (کڕیاریێتی) ئەوە پیشان دەدات کە ئاخۆ سەرکردەکانی عێراق خۆیان ئامادە دەکەن هێز و دەسەڵات بەدەر لە سنووری دەسەڵاتیان بەکاربهێنن، یاخود بۆ مەبەستی بەرگریکارانە یان ناوخۆیی بەکاری دەهێنن. عێراقێکی بەهێز مەرج نییە بە سوپا بەهێز بێت، زیاتر دەیەوێت خۆی بپارێزێت و دوور بێت لە دووبارە بوونەوەی مێژووییەک کە تێیدا دەستگای سەبازیی عێراق فەرماندەیی هەبێت بەسەر بەشێکی گەورە لە بودجەی نیشتمانی کە وەبەرهێنان لە بوارە گرنگەکانی تردا وەک تەندروستی و پەروەردە، نالەبار بێت.

<u>تێڕوانینی عێراقییەکان</u>

مێژووی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەوە دەردەخات نەبوونی متمانە شتێکی درێژخایەن (مزمن) بووە. تاکە ماوەیەکی گەش لە کاتی جەنگی ئێران–عێراقدا بوو، چونکە سەرەڕای ئەو پابەندییە گەورەیەی لە 2003 درا، ویلایەتە یەکگرتووەکان پیشانی دا کە کەمتر لە واقعی کۆمەڵگەی عێراقی تێگەیشتووە.

لە کۆتایی سەردەمی بوش دا، عێراقییەکان سوور بوون لەسەر هەبوونی دوو رێککەوتننامە، یەکێکیان سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکان–ئەو بەشەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان–عێراق کە خەریک بوو کۆتایی دەهات– و یەکێکی تر بۆ دەستپێکردنی بەشە نوێیەکە. رێککەوتننامەی چوارچێوەی ستراتیجی باسی هاوکاری دەکات لە چەندین بوار و کەرتی جۆراوجۆردا، و عێراقییەکان مەبەستیان لەم رێککەوتننامەیە جەختکردنەوە بوو لەوەی هیچ کەلێنێک لە بەشداریی فەرمییدا روونادات.

بەشداربوویەکی کورد پەنجەی خستە سەر ئەوەی کە کوردان زیاتر شەفافن کاتێک لەگەڵ ئەمریکییەکان باسی ئامانجەکانیان و هیواکانیان دەکەن، بە بەراورد لەگەڵ عەرەبەکان. کورد بە راشکاوی دەڵێن دەیانەوێت ویلایەتە یەکگرتووەکان بمێنێتەوە و خۆشحاڵ دەبن بە میوانداریێتی بنکەیەکی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان. عەرەبەکان دوو زمانیان هەیە کە ئەمەش پەسەندێتی راستەقینەیان لە هەمبەر ویلایەتە یەکگرتووەکان، دەشارێتەوە.

عێراقییەکان بۆچوونی جۆراوجۆریان هەیە سەبارەت بەو کاتانەی کە "دەستتێوەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کاروبارەکان شتێکی پەسەندە (یارمەتیدەرە)، هەروەها پێوانەی پێگە یان نفوزی هەنووکەیی یان ئاییندەیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر عێراق. زۆر عێراقی بڕوایان وایە لە هەندێک بارودۆخدا عێراق ناتوانێت بە تەنیا بابەتە نیشتمانییەکانی وەک تەرخانکردنی داهاتەکانی نەوت یان رێوشوێنی دەنگدان لەسەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان چارەسەر بکات. بەڵام هەر کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ناکۆکییەکدا بەشدار دەبێت، لای هەمووان وا سەیری دەکرێت کە بۆ بەرژەوەندی گروپێک یان قەوارەیەکە لەسەر حسابی بەرژەوەندی ئەوانەی تر، و کەشی سیاسی ناوخۆ زۆربەی جار دژی ئەم جۆرە دەستتێوەردانانە دەبێت، تەنانەت کاتێک زۆر نوخبەی سیاسی دان بەوەدا دەنێن کە بابەتەکە پێویستی بە رۆڵی دەرەکییە.

هەندێک سەرنجی تر بریتین لە:

- باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەغداد بۆتە رەمزی ماوەی داگیرکردن. وا باشترە بکرێت بە شوێنێکی تر، وەک زانکۆیەکی عێراقی.
- ئەو رێکخراوە ناحکومییانەی بەئامۆژگاری دەسەڵاتی داگیرکار لە بواری بنیاتنانی توانا و ئاوەدانکردنەوە کاریان کردووە. بۆ درێژەدان بە رۆڵیان لە کۆمەڵگەی مەدەنی عێراقدا، پێویستە پیشانی بدەن لە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان سەربەخۆن.
- چاکبوونی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان – ئێران یارمەتی عێراق دەدات.

<u>بۆچوونەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان</u>

بەشداربووانی ئەمریکی نیگەران بوون لەسەر دابەزینی بایەخپێدان بە عێراق لە لایەن جەماوەری ئەمریکی و بەرپرسانی ئەمریکییەوە. داوای هەوڵی زیاتریان کرد بۆ دروستکردنی گروپی بایەخدەران یان لۆبی لە لایەن ئەو کەسانەوە کە بە توندی پابەندن بە بەشدارییەکی پتەوی ئەمریکا لە عێراق. پرسیارەکە ئەوە بوو کە چۆن ئێمە، و عێراق، گروپێکی لایەنی بایەخدەر لەناو ویلایەتە یەکگرتووەکان دروست بکەین ؟

بەشداربووانی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەروەها پێیان وابوو چوارچێوەی ستراتیجیی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، لە جەختکردنەوە لە ناوخۆی عێراقەوە دەگۆڕێت بۆ گۆشەنیگایەکی هەرێمایەتی، و عێراق وەک لایەنێکی هەرێمایەتی، عێراق وەک شەریکێک بۆ ئامانجەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کەنداو و ئەولاتریش، بابەتەکانی وەک ئازادیی گەشتیاریی دەریایی لە کەنداو، ئیحتیواکردنی ئێران، هاندان بۆ خۆرهەڵاتێکی ناوەڕاست کە خاڵی بێت لە چەکی ناوکی. لێرەدا مەترسی ئەوە هەیە کە زیاتر لە گۆشەنیگای نیگەرانییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە تموحی نفوزخوازیی ئێرانەوە سەیری عێراق بکرێت.

لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هەرێمەکە زیاتر بایەخ بە عێراق دەدات: عێراق وەک "بۆ فرۆشتنە" سەیری دەکرێت و رەنگە دەوڵەتانی دراوسێ فشاری ئەوتۆی بخەنە سەر کە یەکێتی نیشتمانی و یەکگرتوویەکەی بخاتە مەترسییەوە. نیگەرانییەک هەبوو لەوەی کە هێشتا عێراق ئامادە نییە بۆ بیرکردنەوە لە بەشداریکردن لە ستراتیجی

ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەمبەر هەرێمەکە، یان بۆ بەرپەرچدانەوەی فشارەکانی ئێران، بەڵام توانای پیشاندانی نیازەکانی بۆ ئەم کارە دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی پشتگیری و بایەخپێدانی بازنە سیاسییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە عێراق.

هەندێک کەس نیگەرانی خۆیان دەربڕی لە سنووردارێتی توانای ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کارتێکردن لەسەر ڕووداوەکانی عێراق لە ساڵانی داهاتوودا، و داوای واقعبینییەکی دوولایەنەیان کرد. سەبارەت بە بابەتەکانی وەک کڕیاری بۆ بواری بەرگری و ژێرخانی نەوت و گاز، عێراق بە خۆی ڕێچکەی خۆی دیاری دەکات و مەرج نییە هەڵبژاردەکانی هەمیشە پەیوەست بن بە پەیوەندییەکەی لەگەڵ واشنگتۆن. ڕەنگە عێراق بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژێرخان ستراتیجێکی هەمە لایەن بگرێتە بەر، ڕوو بکاتە وڵاتانی ڕوو لە گەشەی ئاسیا، هەروەها بۆ کڕینی تەکنەلۆجیا ڕوو بکاتە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، واشینگتۆن دانا دەبێت ئەگەر لە بەرامبەر پێشهاتی لەم جۆرەدا زێدەڕۆیی نەکات لە کاردانەوەیدا.

سەرنجی تر بریتی بوون لە:

- پێویستە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەراورد بکات لە نێوان ئەو پابەندییەی بەردەوام باسی دەکات، لەگەڵ پیادەکردنی سیاسەتی ڕوون بۆ ئاڵوگۆڕی بواری زانستی، فەرهەنگی، و پەروەردەیی، و لەگەڵیدا سیاسەتێکی کراوەتر و گونجاوتر لە پێدانی ڤیزا بە عێراقییەکان بۆ هاتنیان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان.
- کەرتی تایبەت کەمتر سوودی لێ وەرگیراوە وەک شەریکێکی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئابووریی عێراق. بزنسی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەتوانێت زۆر پێشکەش بکات.
- ئەمریکییەکان زیاتر لە سیاسەتمەدارە عێراقییەکان پێیان وایە گەڕانەوەی پەنابەر و ئاوارەکان بابەتێکی پربایەخە بۆ سەقامگیری عێراق.

# ئاییندەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان- عێراق: ئایا "شەراکەی ستراتیجی" شێوازی راستە؟

(رێککەوتننامەی چوارچێوەی ستراتیجی SFA) ی ساڵی 2008 ئەجێندایەکی پڕ هیوا بۆ پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراق دادەڕێژێت، و باسی بیرۆکەی "پەیوەندیی دۆستانە و هاوکاری" دەکات.[12] ئەم برگە سادەیە پێدەچێت بە کەم بڕوانێتە پەیوەندیی ئەم دواییە و ئاییندەیی، بەڵام داڕشتنی وشە ئا بەم وریاییە رەنگە بۆ قۆناغی ئینتقالی گونجاو بێت.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، رەنگە زمان و چەمکی پڕ هیواتر بەکاربهێنرێت. هەردوو لایەنەکە دەخوازن ئامانج و پێشبینی واقعی دابڕێژن کە بتوانرێت بەدەست بهێنرێت. ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە هەوڵدانیدا بۆ دڵنیاکردنەوەی عێراقییەکان لە درێژەدان بە بایەخپێدانیان، پێویستە خۆی لە زمانێک دوور بخاتەوە کە پابەندی خۆ پێوە گرێدان لەخۆ بگرێت یان وەک "دۆست، هاوپەیمان" ئاماژە بە عێراقییەکان بکات. کاری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە خۆرهەلاتی ناوەڕاست پڕ بووە لە بەکارهێنانی چەمکی شەراکەتی قووڵ، بەڵام لەگەڵ رۆژگاردا خۆی پێ رانەگیراوە.[13]

پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراق پێناچێت ببێت بە پەیوەندییەکی هاوپەیمانێتی فەرمی چونکە مەرجی سەرەکی – پابەندییەکی ئیلزامی کە بریتییە لە فریاکەوتنی یەکتری کاتێک پەلاماری یەکێکیان بدرێت- شتێکی خوازراو نییە، یان لە رووی سیاسییەوە هیچ لایەکیان ناتوانێت جێبەجێی بکات. لە کاتێکدا چەمکی "هاوپەیمانێتی" هەندێک جار بە شێوەیەکی نافەرمی بەکاردەهێنرێت بۆ باسکردنی بەها و بەرژەوەندییەکان، لە زاراوەی فەرمیی دیپلۆماسیدا، مانایەکی دیاریکراوی ئاسایشی هەیە و بواری سەربازییش دەگرێتەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکان دەتوانێت بە باشی درێژە بدات بە ئەرکی مەشقکردن لە عێراقدا، بۆ یارمەتیدانی عێراقییەکان لە بەرگریکردن لە سنوورەکانیان و گەشەسەندنی توانای تری بەرگریکاری. بەڵام بە رەچاوکردنی ئەو گومانانەی لەسەر ئاڕاستەی درێژخایەنی سیاسیی عێراق هەن، زەحمەتە پێشبینی ئەوە بکرێت سەرکردەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتووەکان پابەند بن بە پەیوەندییەکی هاوپەیمانێتیی ئیلزامییەوە.

چەمکی "شەراکەی ستراتیجی" بۆ باسکردنی شتێکی کەمتر لە هاوپەیمانێتی بەکاردەهێنرێت و ئەو برگەیە ئاشکرایە لە (SFA) دا و رەنگە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا یارمەتیدەر بێت. لە هەندێک حالەتدا (باشووری ئەفریقیا، میسر) ئیدارەی کلینتۆن

(شەراکەی ستراتیجی) بریتی بووە لە بەشداریی لە چەند ئاستێکدا لەگەڵ وڵاتێک کە خاوەنی پێگەیەکی هەرێمایەتییە. لە حاڵەتی چیندا، شەراکەی ستراتیجی بریتییە لە باسکردنی خواستی پێکەوە کارکردن لە بواری زیاتر لەوەی ناو ئەجێندای دووقۆڵیدایە، بۆ نموونە، باسکردنی هاوکاریی لە بواری حوکمڕانیی دارایی جیهانی و گۆڕانی کەشدا. لە حاڵەتی عێراقدا، بەهێزترین ئارگیومێنت بۆ ناوبردنی پەیوەندییە فەرمییەکان بە (شەراکەی ستراتیجی) بریتی دەبێت لە خوازیارێتی بەرپرسانی عێراق بۆ هەماهەنگی لەگەڵ واشینگتۆن لەسەر سیاسەتە هەرێمایەتییەکان لە نزیکەوە، و رەنگە لاگیری بێت لە پرۆسەی نوێ یان هەیکەلییەتی نوێی بەڕێوەبردن و کەمکردنەوەی گرژییەکان لە هەرێمی کەنداو.

گەڕانەوەی عێراق بۆ ناو هەرێمەکە –بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتە سەرەکییە عەرەبەکانی دراوسێ – مەرجێکی پێویستە بۆ بنیاتنانی ئەم جۆرە شەراکەیە. ئەم گەڕانەوەیەی عێراق بۆ ناو هەرێمەکە پرۆسەیەکە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەتوانێت تەنها رۆڵی پشتگیری تێدا ببینێت، هەندێک کەس مشتومڕی ئەوە دەکەن کە ئەمە زیانبەخشە، و سەرانی تری عەرەب بڕوایان بەوە نامێنێت کە ئەمریکا لە نیگەرانییەکانیان تێدەگات، و کارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراقدا بەرژەوەندییەکانیانی خستۆتە مەترسییەوە.

شتێک کە تەریبە لەگەڵ گەڕاندنەوەی عێراق و بە هەمان رادەی چەمکی شەراکە بە گرنگ دادەنرێت، بریتییە لە زیاتر روون بوونەوەی ئامانجە ستراتیجییەکانی ئەمریکا لە هەرێمەکەدا. وا پێویستە بەرپرسانی عێراق بیر لەوە بکەنەوە هەڵوێستیان چییە لە بەرامبەر پلانەکانی هەبوونی بنکەی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکان دوای کشانەوەیان لە عێراق، پێشەنگێتی ئێران، پابەندێتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەرامبەر پاراستنی سەقامگیری سعودیە و مانەوەی پاشایەتی، و بایەخی رێژەیی چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین. لایەنی عێراقی پێویستە بیرلە گونجاوێتی پەیوەندییەکان و چالاکییەکانی تری ویلایەتە یەکگرتووەکان بکاتەوە، و ئەوەی ئاخۆ واشینگتۆن و بەغداد دیدگای هاوبەشیان هەیە لە بەرامبەر ئاستەنگە سیاسی و ئاسایشییە سەختەکانی هەرێمەکە.

لە گۆشەنیگای ئەرێنیی 2010 ەوە، لە کاتێکدا کە عێراق درێژە دەدات بە بنیاتنانەوەی دەستگا حکومییەکان، و وەک بەرهەمهێنەر و هەناردەکارێکی گەورەی نەوت، ژێرخان و توانای بەرفراوان دەکات، و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دراوسێ و نێودەوڵەتی چاکتر دەکات، مەحاڵ نیە ماوەیەک لە هاوکاری بەرهەمهێن لە نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بهێنینە پێش چاو. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، بیرۆکراسییەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە حاڵەتە نائاساییەکەیەوە دەستکاری کرا و رێک خرایەوە – ئەو ئەفسەرانەی لەگەڵ عێراق مامەڵەیان دەکرد راستەوخۆ راپۆرتیان بەرز دەکردەوە بۆ بەرپرسانی هەرە بەرزی کۆشکی سپی، و وەزارەتی دەرەوە و بەرگری- بەرەو حاڵەتێکی زیاتر ئاسایی، ئەمە هاوکاتە لەگەڵ گەڕانەوەی عێراق بۆ

نوسینگەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێی سیستمی ئاسایشی نیشتمانییەوە. بە هەمان شێوە، هەندێک لەو بەرنامانەی کە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان پارەی بۆ تەرخان دەکردن بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق خراونەتە ناو بەرنامەی تری جیهانی یان هەرێمایەتییەوە بۆ بواری وەک پەروەردە، تەندروستی، مەشقی کۆمەڵگەی مەدەنی، تاد. بەم شێوەیە ئیتر بەڕێوەبەرەکانی ئەم بەرنامانە رووبەڕووی کێبڕکێی زیاتر دەبنەوە لەسەر تەرخانکردنی پارە و دارایی، هەر لە ئێستاوە ئەوانەی لە عێراق لەو بەرنامانە سوودمەند بوون هەست دەکەن لەم قۆناغە ئینتقالییە خاوەدا بودجەکە کەم بۆتەوە و فشاری لەسەرە.

لەگەڵ ئەمەشدا لایەنەکانی تری پەیوەندی درێژخایەنی نێوان واشینگتۆن و بەغداد هێشتا بە تەواوەتی بەشدارییان نەکردووە، بەشێکی لەبەر رەوشی ئاسایش و دەست نەگەیشتن بە عێراق و کۆمەڵگەکەی. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، ئەو لایەنانەی لە بواری ئابووریدا کار دەکەن بەشدارییەکەیان  لە بوار و کەرتی جۆراوجۆردا گەورەتر و بەرفراوانتر دەبێت، چالاکی و رێکخراوی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی مەدەنی، میدیا، رێکخراوی ئەکادیمی و زانستی، بەشداری دەکەن، هەروەها عێراقییەکانی هەندەرانیش، ئەمانە هەموو پەیوەندییەکی تێکڕژاو و تۆڕێکی گەورەی ئەوتۆی پەیوەندی دروست دەکەن کە دەتوانن کار بۆ بەرژوەندی هاوبەش بکەن و داوا لە حکومەتەکانیان بکەن کار بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتوویی پەیوەندیی دووقۆڵی بکەن.[14] بەشداری بزنسکاران و کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێتە مایەی بەرەوپێشبردن، پتەوکردن و ساخ کردنەوەی پەیوەندییە فەرمییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان–عێراق، و، لە سەردەمی شەراکەی کەرتی گشتیی–تایبەتدا، هەل دروست دەکەن بۆ حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ کارکردن لە نزیکەوە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکی.

بە هەرحاڵ، رەنگە پاشماوەی جەنگ و داگیرکردنی عێراق لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا ببێتە مایەی دروستکردنی فشاری پێچەوانە لەسەر سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان. ئەو سەربازانەی دەگەڕێنەوە، ئەو هەموو کتێبانەی رۆژنامەوانان و توێژەران دەینووسن، و شیکاریی بڕیارە سیاسییەکان، شێوازی ئەنجامدانی جەنگ، مشتومڕ و ریسواییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بڕیار و حوکمدانی هەڵە، و ئەو تێڕوانینەی کە فیلم و تەلەفیزیۆن لە فەرهەنگی گشتییدا لەسەر عێراق دروستیان کرد، ئەمانە مژدە نین بۆ دۆستایەتی و هاوکاریی ویلایەتە یەکگرتووەکان–عێراق. بێگومان ژمارەیەکی زۆر سەرباز و مەدەنیی دەگەڕێنەوە کە خۆیان بۆ چاکترکردنی رەوشی عێراق و هاندانی نیازپاکی نێوان هەردوو وڵات تەرخان دەکەن، بەڵام باسکردنی عێراق لە لایەن هۆلیوودەوە وەک شوێنێکی تاریک و ترسناک کاری دیپلۆماتەکان ئاسان ناکات.

# ئەو بوارانەی مژدەی هاوکارییان پێیە

ئەمانەی خوارەوە بریتییە لە لیستێکی کورتی ئەو بابەتە گرنگانەی کە حکومەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و عێراق دەتوانن پێکەوە کاری لەسەر بکەن، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی راستەوخۆ عێراق و هاوڵاتییەکانی سوودی لێ وەربگرن، بۆ هاوکاریکردنی عێراق تا بتوانێت رۆڵێکی هەرێمایەتی لەو بابەتانەدا بگێڕێت کە جێگەی بایەخی هەردوولان، و بۆ سوودی ئامانجە درێژخایەنەکانی ئەمریکا لە سەقامگیری و چاکسازیی هەرێمەکە. لیستەکە بە مەبەست تەنها چەند هەڵبژاردەیەکی لەخۆ گرتووە، بەو هیوایەی هەندێک جەختکردنەوە لە چڕکردنەوەی هەڵبژاردە و سەرچاوەکان کاریگەریان گەورەترە لە ئەجێندایەکی درێژخایەن کە ببێتە مایەی بەفیڕۆچوونی سەرچاوەکان و بایەخپێدان.

<u>ئاسایشی کشتوکاڵ، ئاو و خۆراک</u>

بەرپرسان لە هەردوو وڵات بڕوایان وایە بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ، بە ڕەچاوکردنی کەمبوونەوەی ڕێژەی ئاو و تەکنەلۆجیای نوێی بەڕێوەبردنی ئاو و ئەو بەروبومانەی بەرگەی وشکەساڵی دەگرن، یەکێک دەبێت لە بوارە گرنگەکانی وەبەرهێنان لە ئاییندەی عێراقدا. ئەم هاوکارییە لە ئێستادا وەزارەتی کشتوکاڵ و بەرپرسانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و پسپۆڕانی کەرتی تایبەت کاری لەسەر دەکەن. سیاسەتی هەماهەنگیی کشتوکاڵیی دووقۆڵی لە پەیوەندییەکانی ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکان و عێراقدا تا ئێستا سەرکەوتوو بووە. وەزارەتی کشتوکاڵ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان (USDA) پشتگیری پێشکەش بە جوتیارانی عێراق و کەرتی کشتوکاڵی عێراق دەکات. ئەو دەستپێشخەری و چالاکییانەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پارەکەی دەدات بۆ پشتگیریکردن لە شێوازی ڕێکوپێک و قازانجبەخشی کشتوکاڵ و جوتیاری، بریتییە لە هاوکاری وەک بوژاندنەوەی سیستمی کرێدیت بۆ جوتیاران، هاوکاری تەکنیکی و مەشق و راهێنان و فێرکاری بۆ کارمەندانی کەرتی گشتیی و تایبەتی. هەروەها دامەزراندنی سیستمێک بۆ دابەشکردنی ئەو بەشەخۆراکەی هاوڵاتیان کە لە ڕێی بریکارەکانەوە دەدرێت، کە پێی دەگوترێت سیستمی دابەشکردنی گشتیی، ئەمە ئاسانکاری دەکات بۆ گواستنەوەی وڵات لە پشتبەستن بە کۆپۆنی خۆراک لە ماوەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراکدا بۆ سیستمی ئەوتۆ کە سەقامگیر بن و پتەو بن لە بواری هەڵگرتنی خۆراک و بارکردنیدا.[15] سەرەڕای ئەمەش، هاوکاری دوولایەنە بۆ چاکترکردنی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو ئامانجەکەی بریتییە لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی داهێنەرانە بۆ ئەو ئاستەنگە سەختانەی بەردەوام روو لەزیادبوونن: وشکبوونەوەی زۆنگاوەکان و جۆگەکان لە باشوور، بەرزبوونەوەی بڕی سوێریێتی ئاو لەبەر کەمبوونەوەی لێشاوی ئاوی رووبارەکان، کە بەردەوام زیان دەگەیەنێت بە کشتوکاڵ و ژیان و گوزەران.

پەروەردە

حکومەتی عێراق ئاگادارە لەوەی کادری پیشەیی و گەنجان کارێکی زۆریان لە پێشە تا بە ئاستی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان بگەنەوە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا. سەرۆک وەزیران نوری مالکی دەستی کردووە بە بەرنامەیەکی هیوابەخش بە مەبەستی ناردنی نزیکەی 10000 قوتابی عێراق ساڵانە بۆ هەندەران لە ڕێی زەمالەی خوێندنەوە، بە تایبەتی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، شانشینی یەکگرتوو، کەنەدا و ئوسترالیا. سەرەڕای ئەمەش، حکومەتی عێراق لەم دواییەدا بڕی 2.5 ملیۆن دۆلاری تەرخانکرد بۆ زەمالەی فولبرایت Fulbright بۆ عێراقییەکان بۆ خوێندن لە ویلایەتە یەکگرتووەکان –بەم شێوەیەش بەرنامەکە بوو بە دوو ئەوەندە و عێراقی کرد بە گەورەترین وڵاتی سوودمەند لە زەمالەی فولبرایت ((Fulbright scholarships (RFE/RL). خوێندکارانی عێراق، گەنجان، توێژەران و مامۆستایانیش هەلیان لە پێشە بۆ بەشداریکردن لەو بەرنامانەی خوێندن کە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان سپۆنسۆری دەکات و تایبەتن بە عێراق و ئەوانەش کە تایبەتن بە هەرێمەکە، وەک بەرنامەی ئاڵوگۆڕی سەرکردە گەنجەکان (Young Leaders Exchange Program (IYLEP))، بەرنامەی ئافرەتانی عێراق لە بواری ئەندازیاری و زانستە تەتبیقییەکان ((Iraq Women in Engineering and Applied Sciences (IWASE) بەرنامەی قوتابییە سەرکردەکان MEPI، و زەمالەی خوێندن و سەرکردایەتی مەدەنیی MEPI.

هەروەها کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن ڕۆڵێکی گەورە بگێڕن لە پتەوترکردنی پەیوەندی بەهێز لە نێوان عێراقییەکان و ئەمریکییەکان و هەلی تری بیانییش هەیە لە بواری پەروەردەیی و پیشەییدا. پەیمانگەی نێودەوڵەتیی پەروەردە (IIE)، بۆ نموونە، بەرنامەیەکی هەیە بە ناوی بەرنامەی زەمالە و سەرکردەکان بۆ عێراق، کە زەمالە دەبەخشێت بۆ خوێنندی کۆلیژ، ماستەر، و دکتۆرا بۆ عێراقییەکان لە بواری جۆراوجۆردا، بە تایبەتیش جەخت دەخرێتە سەر بزنس، ئەندازیاری، و جیۆساینس (زەمینزانی). نموونەیەکی تریش بریتییە لە ئامیدئیست (AMIDEAST)، کە کار دەکات بۆ پتەوترکردنی لێکتێگەیشتنی نێوان ئەمریکییەکان و خەڵکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، ئەم دەستگایە کارێکی پڕبایەخ دەکات لە هاندان و بەرەوپێشبردنی ئاڵوگۆڕی بواری پەروەردە و خوێندن لە عێراق، هەر لە هاوکاریکردن بۆ دانانی عێراقییەکان لەناو بەرنامە حکومییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان تا دەگاتە خوێندنی زمانی ئینگلیزی و تاقیکردنەوەی ئینگلیزی وەک زمانێکی بیانی ((Test of English as a Foreign Language (TOEFL) – کە بۆ داخڵبوون لە زانکۆکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە.

وزە

سامانی نەوتی عێراق پێویستە سەرچاوەیەک بێت بۆ توانای نیشتمانی و ئیمتیاز بۆ ئاییندەی بەرچاو. پسپۆڕانی سەربەخۆی بواری وزە بڕوایان وایە ئەو سامانانەی ژێر زەوی عێراق کە هێشتا بەکارنەهێراون هێندەی ئەوەی سعودیە ببن. ئەمڕۆ

عێراق نزیکەی 2.5 بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا بەرهەم دەهێنێت و، بە گویرەی هەندێک مەزەندە و هەندێک پلاندانەری هیوابەخش، دەتوانێت لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا ئەم بڕە بگەیەنێتە چوار ئەوەندە. وڵاتێک لە رۆژێکدا 10 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێت و بەشێکی گرنگی هەناردە بکات بێگومان دەسەلاتێکی گەورە و خاوەن کاریگەرێکی گەورە دەبێت لە ئابووری جیهاندا. بە هەرحاڵ، پێویستە سەرنج لەوە بدرێت گەیشتن بەم ئاستە بەرزە پێویستی بە کات، بەخت، و وەبەرهێنانی ستراتیجییە. ئەگەر سەرکردەکانی عێراق دەست بکەن بە بینینی عێراق وەک زلهێزێکی وزە پێش ئەوەی لە راستیدا وا بێت، رەنگە ببێتە مایەی شێواندنێکی گەورەی خەرجییەکانی عێراق و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی.

تا ئێستا عێراق بە وریاییەوە بەرەوپێش دەچێت. یەکەم، گرفتی نائارامیی سیستمی بۆرییە کۆنەکانی لە ئارادا بوو، هەروەها پەلاماردانی کەرتی نەوت لە لایەن یاخیبووەکانەوە و دابەزاندنی داهاتەکانی کە ئێجگار پێویست بوون. ئنجا ئاستەنگی تەواوکردنی یاسای داهاتی نەوت بە پێشنیارەکەی 2007 بۆ بەرێوەبردنی دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و گاز بە یەکسانی لە سەرتاسەری وڵاتدا، و بە تایبەتی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بوو بە مایەی ئەوەی بابەتی دۆزینەوە و گەشەسەندنی نەوت ببێت بە بابەتێکی تری کێشە لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەتی سەرتاسەری وڵات لە بەغداد.[16]

لەم دواییانەدا، حکومەت پرۆسەیەکی بەخشینی تەندەری رێک خست بۆ کۆمپانیا بیانییەکان بۆ بەرسڤی پێویستییەکانی حکومەت بۆ خزمەتگوزارییەکان، و عێراق بە وریاییەوە ئەو کۆمپانیایانەی هەڵبژارد کە ئاویتەی چەند وڵاتێکن، وەک فەرەنسا، چین، مالیزیا، بۆ ئەوەی یارمەتییان بدەن لە گەشەسەندنی کەرتی نەوتدا. رەنگە بەشێکی لەبەرئەوە پەنایان بۆ ئەم شێوازە بردبێت تا پیشانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی بدەن، بە پێچەوانەی تیۆرەکانی پیلان کە باون، ئەمریکا کۆنترۆڵی نەوتی عێراق ناکات، و ئەمریکا هیچ ئیمتیازێکی تایبەتی نییە کاتێک پرۆسەکە کێبڕکێ بێت. لە کۆتاییەکانی پرۆسەی تەندەرەکاندا، حکومەتی عێراق لەسەر ئەم خاڵە توند بوو: "بۆ ئێمە لە عێراق، ئەم پرۆسەیە ئەوە پیشان دەدات کە حکومەت بە هیچ شێوەیەک کاریگەری دەرەوەی لەسەر نییە. نە روسیا و نە ئەمریکا ناتوانن فشار بخەنە سەر هیچ کەسێک لە عێراق—ئەمە کێبڕکێیەکی تەواو بازرگانی و شەفافە. هیچ کەسێک، تەنانەت ویلایەتە یەکگرتووەکان، ناتوانێت نەوتەکە بدزێت، ئنجا بۆچوونی خەڵک هەرچییەک بێت لەو بارەیەوە."[17]

کۆمپانیای مەزنی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئێکسۆنمۆبیل ExxonMobil بەشێک بوو لە کۆنسۆرتیۆمێک لەگەڵ Royal Dutch Shell بۆ گەشەپێدانی کێڵگەی نەوتی قورنەی خۆرئاوا -1 کە کێڵگەیەکی پڕبەهایە، بەڵام کاری پێشتری کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت لە عێراق زۆر بچووکتر دەبێت وەک لەو رۆڵە گەورەیەی زۆربەی جار کۆمپانیا گەورەکان لە گەشەپێدانی سەرچاوەکانی وزە دەیگێڕن لە وڵاتانی تری

تازە گەشەسەندوودا.

لەم دە ساڵەی رابردوودا پرسی نەوتی عێراق بابەتێکی لاوەکی بەردەوام بووە لە بابەتی بەشداریی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراقدا. هیچ بەڵگەیەک نییە یان بەڵگەیەکی کەم هەیە لەسەر ئەوەی کە نەوت خاڵی یەکلاکەرەوە بوو بێت لە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەردەمی ئیدارەی بوشدا، بێجگە لە کاریگەرێکی ناڕاستەوخۆ، بە خۆی بایەخی ستراتیجی عێراق لە هەرێمەکەدا و لەولاتریش بە لای کەمەوە بەشێکی پشت دەبەستێت بە سامانی نەوتەکەیەوە لەگەڵ شێوازی بەکارهێنانی ئەو سامانە لە لایەن حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بۆ پیادەکردنی دەسەڵات و کاریگەر.

لە ئێستادا بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراق و ئەگەرە ئاییندەییەکانی وەک هەناردەکارێکی نەوت لەو گۆشەنیگایەوە سەیری دەکرێت کە دەتوانێت پارەی زیاتر تەرخان بکات بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەسەندن، و لەو کاروبارە یاساییانەوە سەیری دەکرێت کە هێشتا لە بواری یاسای نەوتدا تەواوی نەکردووە، شێوازی گەشەسەندنی کەرتی نەوت و دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت بە گوێرەی سیاسەتی ناو ئەم یاسایە دەبێت. هەردوو ئیدارەی بوش و ئۆباما بایەخیان بە یاسای هایدرۆکاربۆن داوە وەک پێوەرێک بۆ گەشەی سیاسی لە عێراق و ئاییندەی ئابوورییەکەی.

<u>تەندروستی</u>

کەرتی تەندروستی بوارێکی ترە بۆ هاوکاری، لە ساڵانی درێژی سزاکانەوە ئاستی سیستمی تەندروستیی گشتی بە کاوەخۆ دابەزیوە، عێراق پێویستییەکی گەورەی هەیە لە بواری پزیشکیدا، و بۆ پڕکردنەوەی ئەو بێبەشییەی لە ماوەی دوای 2003 ەوە دووچاری بووە، لە ئەنجامی جەنگ و ناسەقامگیرییەوە ژێرخانی تەندروستی تێکچووە. لە رێی کەناڵە سەربازییەکانەوە، ئێستا هاوکاری لە ئارادایە بۆ هەندێک لە حاڵەتەکانی برینداریی پەیوەست بە جەنگەوە بۆ سەربازانی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان و سەربازەکان و مەدەنییەکانی عێراق، بەڵام زۆر لەمە زیاتر پێویستە بۆ چاکترکردنی رەوشی بایەخپێدانی تەندروستیی درێژخایەن بۆ ئەو خەڵکانەی برینەکانیان سەخت و درێژخایەنە.

یو ئێس ئێی ئای دی (USAID)، هەروەها رێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) و یونیسێف (UNICEF) لە بواری جۆراوجۆری تەندروستیدا هاوکاری چڕوپڕیان پێشکەش بە وەزارەتی تەندروستی عێراق کردووە وەک خۆپارێزی و چارەسەری نەخۆشی، بژوێنی، ناکامی و مەرگی کۆرپەلە، و تەندروستی ژنان. بنکەی پەروەردە، مەشق و بنکەی چاودێری نەخۆشی دامەزرێندراون. لە کاتێکدا زۆربەی چالاکییەکانی USAID لەگەڵ کەرتی تەندروستی عێراقدا لە 2006 کۆتایی پێهات، هەبوونی پەیوەندییەکی پشتگیری لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیدا دەبێتە مایەی دڵنیایی لە بەردەوامیی ئەو دەستپێشخەرییانە.

## زانست و تەکنەلۆجیا

عێراق توانایەکی گەورەی بەکارنەهێنراوی هەیە کە ببێت بە پێشەنگێکی زانستی لە هەرێمەکەدا بەلام یەکەم جار پێویستە لە ڕێی وەبەرهێنان لە ژێرخانی پێویستی وەک تاقیگە و دەستگای زانکۆدا کۆمەڵگە زانستییەکەی بۆ بگەڕێتەوە. پێویستە توناکانی زاناکانی نوێ و نۆژەن بکاتەوە، و هاندەر بخاتە پێش زانا ئاوارەکان تا بگەڕێنەوە یان هاوکاری کۆمەڵگەی زانستیی عێراق بکەن. هەروەها پێویستە حکومەت میکانیزمێک دابڕێژێت بۆ پێشەنگێتی دابینکردنی دارایی بۆ توێژینەوە لەو بابەتانەی کە بۆ بنیاتنانەوەی وڵات ئێجگار پێویستن. وەک زۆر وڵاتی تر، پێویستە شێوازی داهێنەرانە و کارا بدۆزێتەوە بۆ دەرهێنانی مەعریفەی هاولاتییە زیرەکەکانی بۆ جیهانی داڕشتنی سیاسەت، بۆ ئەوەی حکومەت سوود وەربگرێت لە مەعریفەکەیان لە بواری دروستکردنی بڕیاردا. هەروەها پێویستە بایەخ بە بابەتەکانی شەفافییەت و بەرپرسیارێتی (مساءلە، accountability) بدات کە لە ماوەی دیکتاتۆریدا بایەخی کەمی پێدرابوو.

ویلایەتە یەکگرتووەکان لە "بەرنامەی ئاڕاستەکردنەوەی زانست" دا عێراقی بە شایستە داناوە، ئەم بەرنامەیە یەکەمجار بۆ زانایانی چەکی یەکێتی سۆڤێتی جاران داڕێژرا. لە ڕێی بەرنامەی بەشدارییپێکردنی زانایانی عێراقەوە، وەزارەتی دەرەوی ویلایەتە یەکگرتووەکان و دەستگای توێژینەوە و گەشەسەندنی مەدەنی (CDRF) پسپۆڕێتی زانایانی عێراقی بۆ کەرتی نا-سەربازیی ئابووری رادەکێشا، وەک کەرتی تەندروستی گشتیی و زانستی کانزاکان، هاوکات دەیخستنەوە ناو کۆمەڵگەی بەرفراوانی زانستیی نێودەوڵەتی. ویلایەتە یەکگرتووەکان هەروەها هانی عێراقی دا بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵ کتێبخانە زانستییەکان و سەرچاوەکانی مەعریفەی نوێ لە زانستە فیزیایی و کۆمەڵایەتییەکاندا. دەرگای کۆمەکی دارایی بۆ حکومەت و دامەزراوە بۆ عێراقییەکان کردەوە، و داوای لە عێراقییەکان کرد دەستگای نیشتمانیی زانست دابمەزرێنن بۆ تەرخانکردنی دارایی بۆ توێژینەوە و ئەزموونگەرایی بۆ زاناکانی عێراق.

عێراق بە خۆی پێشەنگێتییەکانی دادەڕێژێت، بەڵام ئەو دیپلۆماتانەی لە گۆرینەوەی زانستیدا بەشدارییان کردووە چاودێری ئەوە دەکەن کە عێراقییەکان دەیانەوێت جەخت بخەنە سەر نوێترین بابەتە زانستییەکان، وەک جینۆم یان نانۆتەکنەلۆجی، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵ دەدات جەختێکی زیاتر بخرێتە سەر بنچینەی جۆرایەتی بابەتەکانی ژیان، وەک دابینکردنی ئاوی پاکژ و ڕووبەڕوو بوونەوەی بەبیابانبوون و دەگمەنیی ئاو.

ڕەنگە بابەتەکانی گۆڕانی کەش بوارێک بێت ئاییندەیەکی گەشی هەبێت لای سەرکردە عێراقییەکان، ئەمە بابەتێکە کە سوودی هەرێمایەتی دەبێت. زانایان لە سەرتاسەری هەرێمەکەدا هیوادارن شێواز بدۆزنەوە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و تێگەیشتن لە وێنەی هەرێمایەتی، دەستپێشخەرییەکی ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراق بۆ کارکردن وەک جۆگەیەکی زانیاری لەسەر گۆڕانی کەش ڕەنگە ئەو هەلە بێت کە بتوانێت توانای

عێراق بنیات بنێت، کۆمەڵگەی زانستیی عێراق پایەبەرز بکات، و ڕێگە بۆ عێراق خۆش بکات تا بتوانێت بەرژەوەندیی هاوبەش لەگەڵ دراوسێکانی بدۆزێتەوە.

هاوکاریی هەرێمایەتی

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، یەکێک لە پڕبایەخترین بوارەکانی هاوکاری ویلایەتە یەکگرتووەکان–عێراق لە ئاستی هەرێمایەتیدا دەبێت. یەکێک لە ڕێگەکان بریتی دەبێت لە دەستکردن بە کارکردن لەسەر ئەو شتانەی جێی بایەخی هەردوولان و لەناو ئەجێندەی تەقلیدیی ئاسایشدا نین، کە پێویستی بە متمانەی نێوان سەرکردەکانە، بەڵام دەتوانرێت دەستپێکەکەی بریتی بێت لە ئاستەنگەکانی سیاسەتی نێوان وڵاتان وەک دەگمەنیی ئاو، گۆڕانی کەش، و کۆچ. ناتوانرێت نکوڵی لەوە بکرێت کە ئەم بابەتانە ڕەنگە ببن بە گرفتی ڕاستەقینەی ئاسایش و گرژی لە نێوان وڵاتەکاندا دروست بکەن، بەلام هاوکاری هەرێمایەتی دەتوانێت پسپۆڕان و کۆمەڵگە زانستییە ناحکومییەکان کۆبکاتەوە، ئەو لایەنانەی بەرپرسیار نین لە بەرسڤەکانی بواری ئاسایش، بەڵام بۆ ڕێگە دەگەڕێن بۆ ڕێگەگرتن لە ڕوودانی خراپترین سیناریۆکان.

ئەم شێوازە بۆ هەر لایەنێکیان دەبێتە مایەی پتەوترکردنی پەیوەندی دووقۆڵی، گەڕانەوەی عێراق ئاسان دەکات لە ڕێی دروستکردنی ئەو کۆمەڵانەی لە هەردوو دیوەکەی سنوورەکاندا بایەخ بەو بابەتانە دەدەن، هەلێک دەبێت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پیشاندانی ویست و نیازی پاکی لە بەرامبەر کۆمەڵگەکانی هەرێمەکە لە ڕێی جەختکردنەوە لەو بابەتانەی جێی بایەخی هەموو لایەکن و کار دەکەنە سەر خۆشگوزەرانیی هاوڵاتیانی ئاسایی.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان و عێراق دەچنە سەر ڕێی ئەجێندەی تەقلیدی و زیاتر هەستەوەری ئاسایش، بەلام مرۆڤ ناتوانێت گریمانی ئەوە بکات کە بەرژەوەندیی هاوبەش یان شێوازی هاوبەشیان دەبێت لە هەمبەر ئێران، فەلەستین، یان گرفتە درێژخایەنەکانی تری هەرێمەکە.

ڕەنگە هەروەها عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆچوونیان ناکۆک ببێت لەسەر پەلەکردن لە ئەنجامدانی چاکسازی لە فەرهەنگی سیاسی وڵاتانی عەرەبی، و ناوەرۆکی ئەو چاکسازییە، هەندێک ئەمریکی تامەزرۆی ئەوەن عێراق ببێت بە وڵاتێکی پێشەنگ لە دارشتنی ستانداردی نوێی پیادەکردنی دیمۆکراسی لە هەرێمێکدا کە کەمترین بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە لە جیهاندا. عێراقییەکان ڕەنگە کۆک بن لەگەڵ ئەمە و تا ئەندازەیەکی بەرچاو شانازی بکەن بە دەسکەوتە سیاسییەکانی ئەم پێنج ساڵەی دواییان، بەڵام وەنەبێت هەمووان بیانەوێت ئەم گۆڕانکارییە بە دەستێوەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە ئەنجام بدرێت، یان دەستخۆشی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بکەن بۆ پەلەکردن لە پرۆسەکە بە ڕوخاندنی سەدام حسێن.

لە ئاستێکی زیاتر ستراتیجیدا، سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەم بەرامبەر

ئاسایشی هەرێمایەتی و هەم عێراق و دەرکەوتنی وەک هێزێکی هەرێمایەتی رەنگە ببێتە مایەی سەرهەڵدانی چەندین سنیاریۆ. زۆربەیان پشت بە دیدگای عێراق دەبەستن سەبارەت بە رۆڵی لە هەرێمەکەدا، و لەسەر توانا و هیوا سەربازییەکانی. لە ئێستادا، لە تەرازووی هێزە هەرێمایەتییەکاندا وەک لایەنێکی لاواز سەیری عێراق دەکرێت، و هاوکاریی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراق جەخت دەخاتە سەر توانای بەرگریکاری نەوەک هێرشبەرانە. بەلام دنایمیکەکانی هەرێمایەتی و سیاسەتی عێراق رەنگە لەگەڵ کاتدا گۆڕانیان بەسەردا بێت، هەم بەغداد و هەم واشینگتۆن رەنگە رۆڵێکی کاراتر بدۆزنەوە بۆ عێراق لە بەڕێوەبردنی قەیرانە هەرێمایەتییەکاندا، بە دابینکردنی ئاسایش بۆ وڵاتە بچووکەکان، ئیحتیواکردنی ئێران.[18]

# تاقیکردنەوەی گرژی – چۆن پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراق زاڵ دەبێت بەسەر زەحمەتییەکانی ڕێگەکەدا؟

بڕگەی پێشوو باسی ئەجێندەیەکی دیاریکراو بوو سەبارەت بە بوارە تەتبیقییەکانی هاوکاری ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراق کە دەتوانێت ببێت بە بناغە بۆ شەراکەیەکی چەسپاو و سەقامگیر. بە تایبەت ئەگەر لەو ئەجێندەیەدا پێکهاتەیەکی هەرێمایەتی بەهێز هەبێت، کە ببێت بە دەروازە بۆ "شەراکەیەکی ستراتیجی". بەڵام نابێت کەس گریمانی ئەوە بکات کە هەمیشە ویلایەتە یەکگرتووەکان و عێراق هەمان گۆشەنیگایان دەبێت لە بەرامبەر ژینگەی هەرێمایەتی، هەڕەشەکانی بواری ئاسایشەکەی، یان هەرە کاراترین بەرسڤ بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو هەڕەشانە. تەنانەت لەناوخۆی عێراقدا ڕەنگە پەیداکردنی کۆدەنگی ئاسان نەبێت لەسەر بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت لە بەرامبەر دراوسێ سەرەکییەکانی تورکیا، ئێران، و سعودیە، و نە لەسەر ئەجێندەی هەرێمایەتیش، بە ئیسلامی سیاسییشەوە، هەروەها لەسەر پرۆسەی دیمۆکراتیزە، خاڵە گەرمەکانی هەرێمایەتی، و ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەرێمەکەدا.[19] ڕەنگە بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و عێراق لێک جیاواز بن لە هەمبەر هەندێک پێشهاتی ئاستەنگی ستراتیجی. ئەمانەی خوارەوە هەندێک ئەگەرن:

## ئێران

ئێران بەردەوام دەبێت لە نانەوەی سەرئێشە ئەگەر نەڵێین سەرچاوەیەک بۆ گرژیی بەرچاو لە پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراقدا. بەرەوپێشچوونە سیاسییەکانی ئەم دواییە ئەوە دەردەخەن کە ئێران کۆنترۆڵی عێراق ناکات یان بڕیاری ناو عێراقی بەدەست نییە: نزیکترین دۆستەکانی لەنێو سیاسەتوانەکانی عێراقدا تەوژمیان نامێنێت و پێناچێت ڕابەرایەتی حکومەتی ئایندە بکەن. لەگەڵ ئەمەشدا، ڕۆیشتنی هێزەکانی ئەمریکا لە 2011 دا، لە کێبڕکێی درێژخایەندا لەسەر نفوزی هەرێمایەتی وەک دەسکەوتێکی پتەوی ئێران بەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکاندا سەیری دەکرێت، و ئێران بڕوای وایە بەرژەوەندیی ستراتیجی نەبڕاوەی هەیە لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ عێراق.

عێراقییەکان باسی ئەوە دەکەن کە، لەکاتێکدا خەریکە هەڵوێستی نیشتمانی جێگەی تایەفەگەرێتییەکەی دوای ماوەی 2003 دەگرێتەوە، حەزی پیشاندانی سەربەخۆیی (جیاوازی) لە ئێران لەناو سەرجەم نوخبەی عێراقیدا بەهێزە. لە باشترین حاڵەتدا، سەرهەڵدانی سیاسەتی دەرەوەی عێراق ڕوون و ئاشکرا دەبێت لەم بارەیەوە، و

عێراق کار دەکات بۆ راگرتنی هاوسەنگی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا و وڵاتە عەرەبییە سەرەکییەکان بۆ رێگەگرتن لە ئێران لە سەپاندنی نفوزی زۆر بەسەر پێگە عێراقییەکاندا.

بەلام ئەو سیناریۆیانەی تری ئێران کە رێی تێدەچێت ئەوەیە کە بە ئاسانی دەتوان گرژی لە پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان–عێراقدا دروست بکەن. ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرەو رووبەڕوو بوونەوەی سەربازی لەگەڵ ئێران هەنگاو بنێت لەسەر بەرنامە ناوکییەکەی، ئەوسا سوپای عێراق هەوڵ دەدات خۆی دوور بگرێت لەو قەیرانانەی دروست دەبن. لە کاتێکدا رەنگە رابەرانی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق هەمان بۆچوونیان هەبێت لەسەر ئەوەی ئێرانێکی ناوکی مەترسییە بۆ سەقامگیری هەرێمایەتی، بەڵام رەنگە نەتوانن یان نەیانەوێت بچنە هاوپەیمانێتییەکەوە یان راستەوخۆ بەشداری لە هەوڵەکانی ئابلۆقەدان یان زیاتر گۆشەگیرکردنی ئێراندا بکەن. ناڕازێتی لە بڕیاری عێراقدا کە بەشداری نەکات لە پێشەنگێتی ستراتیجی ئەمریکا لە هەرێمەکەدا رەنگە نرخێکی گران لەسەر پەیوەندییەکە بکەوێت.

ئەوەی زێتر مایەی نائاسوودەییە ئەوەیە هاوکارییەکی پتەوتر، تەنانەت هاوپەیمانێتییەک، لە نێوان حکومەتی عێراق و تاران، بە تایبەتی لە بارودۆخێکدا کە ئێران خۆی بە هێزێکی ناوکی رابگەیەنێت و داوای هاوپەیمانێتی لە شیعەکانی عێراق بکات، دروست ببێت. ئەگەر هەڵبژاردنە ئاییندەییەکانی عێراق ببێتە مایەی سەرکەوتنی ئەو رابەرانەی کە بڕوایان بەوەیە بەرژەوەندییەکانی عێراق لەوەدایە کە لە ریزی ئێران بن، ئەوسا مرۆڤ دەتوانێت هەماهەنگی پتەوی نێوان ئەو دەوڵەتانە لەسەر بابەتە هەرێمایەتییەکان بهێنێتە پێش چاوی خۆی، وەک فەلەستین، هەبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کەنداو، سەقامگیری سعودیە، تاد. حاڵەتی لەم جۆرە هەندێک پێکهاتەی سەرەکی ناو عێراق دوورەپەرێز دەخات و رەنگە ببێتە مایەی ئەوەی هەندێک نوخبەی تری سوننە وڵاتەکە بەجێ بهێڵن. پێگەیەکی رادیکالی دژە–خۆرئاوا لە بەغداد هەروەها کاریگەری لەسەر بەرژەوەندییەکانی کوردان دەبێت، و رەنگە داوای رۆڵێکی راستەوخۆتری ئەمریکا بکەن لە گۆڕینی رەوتی سیاسەتەکانی عێراقدا.

## چین دێتە ناو ڕیزەوە

رەنگە جیۆپۆلیتیکی جیهانییش گرژی لە پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان–عێراقدا دروست بکات. بە ڕەچاوکردنی رۆڵی نەشونما کردووی عێراق وەک بەرهەمهێنەر و هەناردەکارێکی وزە، دەبێتە مایەی ئەوەی چینیش عێراق بە وڵاتێکی بایەخی ستراتیجی دابنێت. عێراق دەتوانێت سیاسەتێکی دەرەکی فرە پەیوەندی پیادە بکات، و بایەخی پەیوەندی بە واشینگتۆنەوە بە کەم دابنێت. رەنگە وا ببینێت کە چین کەمتر جەخت دەخاتە سەر گەشەسەندنی دامەزراوە سیاسییەکانی، و ئەمەی لا پەسەندتر بێت کە کەمتر فشاری دەخاتە سەر و کەمتر دەستێوەردانی عێراق دەکات.

مەرج نییە پەیوەندی پتەوی چینی-عێراقی خراپ بێت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەڵام کزبوونی زیاتری کاریگەری ویلایەتە یەکگرتووەکان دوای ئەم جۆرە پەیوەندییە قووڵە لای هەندێک بە زیانێکی گشتیی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا دەبینرێت، و سەرکردەکانی عێراق شارەزا دەبن لە یاریکردن بە هێزە گەورەکان لە بەرامبەر یەکتری بۆ سوودی عێراق.

## شکستی سیاسەتە هەرێمایەتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان

هەروەها رەنگە پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراق زیانی پێبگات بەو تێڕوانینە بەربڵاوەی کە سیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەرامبەر هەرێمەکە بە هیچ شێوەیەک سەرکەوتن بە خۆیەوە نابینێت. شکستی بەردەوام لە پتەوکردنی پرۆسەی ئاشتی عەرەب-ئیسرائیل یان لە راگرتنی گەشەدانی ئێران بە چەکی ناوکی، و یان ئەو گۆشەنیگایەی کە پێی وایە ئامانجەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەرێمەکەدا لە بواری وەک چاکسازیی، گەشەی ئابووری، تواناسازکردنی ئافرەتان، تاد بێجگە لە هەرتەقە هیچی تر نین، رەنگە ببنە دژوەستانەوەی عێراق لە بەستنی پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ واشینگتۆن. لە حاڵەتێکی لەم جۆرەدا، رابەرانی ئاییندەی عێراق، لە هەوڵدانیاندا بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی عێراق، رەنگە لە لایەنی سیاسییەوە ئەوە بە سوودبەخش ببین کە خۆیان دوور بگرن لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بچنە پاڵ رەخنەی هەرێمایەتی لە بێتوانایی واشینگتۆن لە "گۆڕین"ی هەرێمەکە.

# دەرەنجام

ئاییندەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان–عێراق چەندین شتی نادڵنیای لەخۆ گرتووە، بەڵام بێگومان لای هەردوو وڵات بە پێشەنگێتییەکی پڕبایەخ دادەنرێت بۆ ئاییندەی بەرچاو. ئەگەری ئەوە لە ئارادایە سیاسەتوان و سەرکردەکانی عێراق بۆ ڕێڕەوێکی نیشتمانی ئەوتۆ بگەڕێن کە حاشا بکات لە دە ساڵ لە بەشداریی قووڵی ئەمریکییەکان، یان ئەوەی بەرپرسانی ئەمریکا بە شێوەیەک پێشەنگێتییەکانیان لە هەرێمەکە دابڕێژن کە عێراقییەکان بە فەرامۆشکردن لێی تێبگەن. بەڵام ئەم ڕێچکەیە ئەگەری زۆر نییە. عێراق و ئەمریکا پێدەچێت درێژە بدەن بە بایەخدان بە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ.

ئەجێندەی دوولایەنە بۆ ساڵانی داهاتوو ئەجێندایەکی قەرەباڵغ دەبێت. ئینتقالی ئاسایش پێویستی بە بایەخدانی بەرپرسانی بەرزی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکانە. سیاسەتی پڕ جۆشی عێراق دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی بایەخپێدانی دیپلۆماتە بەرزەکانی ئەمریکا، سیاسەتمەدارەکان و ڕۆژنامەوانان. بەرژەوەندەییە هاوبەشەکانمان لە بواری بابەتەکانی ئاسایش و دەگمەنیی ئاودا پەیوەندی لە نێوان پسپۆڕانی هەردوولا دروست دەکات، کۆمەڵگەی مەدەنی ئەمریکی بەشدار دەبێت لە گەشەدان بە ئاڵوگۆڕی پەروەردەیی، فەرهەنگی و زانستی کە ئەمانەش سوودی ڕاستەوخۆی بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەسەندنی عێراق دەبێت، و بەهرەی عێراقییەکان بە ژمارەیەکی زیاتری ئەمریکی دەناسێنێت، گروپی بایەخپێدەر دروست دەبن لە هەردوو پایتەخت بۆ هاندان و بەرگری لە بایەخی پەیوەندی دووقۆڵی. ئەم پەیوەندییانە لەم بوارانەدا و لە نێوان ئەم دەستگایانەدا دەبێتە مایەی چەقاندنی پەیوەندییەکی زێتر ستراتیجی، ئەگەر ریزەکانی سیاسی لە بەغداد و واشینگتۆن لایان پەسەند بێت.

لە حاڵەتی سەرکەوتنی پەیوەندیی شەراکەی عێراق لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ئەگەری گەڕانەوەی عێراق بۆ ناو هەرێمی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و پێگەکەی وەک هێزێکی مامناوەندی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا پتەوتر دەبێت، هەروەها نەشونمای دەستگا سەربازی و سیاسییەکانی پتەوتر دەبێت. ڕۆڵی عێراق وەک پردێک لە نێوان هێزە هەرێمایەتییە ناعەرەبەکان وەک ئێران و تورکیا، ڕۆڵی لە ئاسایشی وزەی جیهانیدا، و گەڕانەوەی بۆ ڕۆڵی سەرکردایەتی لە سیاسەتی وڵاتانی عەرەبیدا، ئەو پەیامە دەگەیەنێتە واشینگتۆن کە پەیوەندییەکی چالاک و هاوکارانە دەبێتە مایەی بەرەوپێشچوونی پێویستییەکانی ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

بەڵام پەیوەندییەکی لەم جۆرە پێویستی بە پەرەپێدانە. عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕەنگە هاوپەیمانی سروشتی نەبن، چونکە عێراق پێویستی بە هاوسەنگکردنی پەیوەندییەکانییەتی لەگەڵ تاران و واشینگتۆن، بە ڕەچاوکردنی ئەو برین و کاریگەرە درێژخایانەی کە لە مێژووی هاوبەشی ئەم دواییەدا هەمانە، و لەبەر ئەو گۆشەنیگایەی، ئەگەرچی لاوازیش بێت، کە سیاسەتی عێراق ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ دیکتاتۆرییەت یان بۆ ئایدۆلۆژیای دژە–خۆرئاوایی. ژیرییە وریا بیت، بەڵام پەیوەندییەکی دۆستانە، تەنانەت شەراکەی ستراتیجیش لە نێوان عێراق و ئەمریکا لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بێگومان شتێکە بەدەست دەهێنرێت.

---

1 دەتوانیت لەم سەرچاوە سەربەخۆیانەدا، کە هەر ئەمەندەش نین، زانیاری لەسەر بڕیارەکانی سیاسی، ئەنجامدانی جەنگ و عاقیبەکانی، بدۆزیتەوە:

The Iraq Study Group Report: The Way Forward – A New Approach (2006), by James A. Baker, III, and Lee H. Hamilton, co-chairs; Iraq and America: Causes and Consequences, ed. Ellen Laipson and Maureen S. Steinbruner; Cobra II: The Inside Story of the Invasion and Occupation of Iraq (2006) by Michael R. Gordon and General Bernard E. Trainor; Charles Duelfer's Hide and Seek: The Search for Truth in Iraq (2009); Linda Robinson's Tell Me How this Ends: General David Petraeus and the Search for a Way out of Iraq (2008); and Charles H. Ferguson's No End in Sight (2008).

سەرەڕای ئەمانەش، حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان زنجیرەیەک ڕاپۆرتی لەسەر هەلومەرجی ناوخۆیی عێراق، وەک بەشێک لە هەوڵدان بۆ پێوانەکردنی بڕی بەرەوپێشچوون لە بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرهەم هێناوە. ئەمانە بەشێکی هەڵبژاردەن لەو ڕاپۆرتانە:

The Special Inspector General for Iraqi Reconstruction (SIGIR), at www.sigir.mil; Measuring Security and Stability in Iraq, tri-annual reports by the US Department of Defense, http://www.defense.gov/home/features/iraq_reports/index.html; US Department of State's Iraq Status Reports, at http://www.state.gov/p/nea/rls/rpt/.

2 چاپتەری حەوتەم باسی ناپابەندێتی عێراق دەکات بە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەسەڵاتی ولاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کارکردن لە ژینگەیەکدا کە ئامادەی هاوکاری نییە. عێراقییەکان بەداخەوەن کە تا ئێستا لەژێر پۆلێنی سەردەمی سەدامدان، ئەگەرچی توانیویانە ڕەوشی خۆیان لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە زۆربەی بوارەکانی تردا ئاسایی بکەنەوە. ئەو بابەتانەی کە هێشتا بە هەڵپەسێردراوی ماون بریتین لە ناکۆکییەکان لەگەڵ کوێت لەسەر سنوور و موڵک و ماڵ.

3 "بەرپرسێکی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەڵێت عێراق بەرەوپێش دەچێت لە داواکارییەکەی بۆ ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیی" بڕوانە:–

"US Official Says Iraq Progressing on WTO Application," Radio Free Europe/Radio Liberty, February 15, 2010, http://www.rferl.org/content/US_Official_Says_Iraq_Progressing_On_WTO_Application/1958895.html

4 بڕوانە:-

I. Livingston and M. O'Hanlon, "Iraq Index: Tracking Reconstruction and Security in Post-Saddam Iraq," Brookings Institute, March 11, 2010, http://www.brookings.edu/saban/iraq-index.aspx

5 بڕوانە:-

SIGIR, Quarterly Report and Semiannual Report to the United States Congress, January 30, 2010, p. 93 (see Fig. 3.4. "Provincial Reconstruction Teams," pp. 93-95). http://www.sigir.mil/reports/quarterlyreports/Jan10/Default.aspx; and, Congressional Research Service, CRS Report for US Congress, Iraq: Reconstruction Assistance, August 7, 2009, C. Tarnoff, p. 16

6 وەزارەتــی دەرەوەی ئەمریکا گۆڕینی دوو PRTs ڕاگەیاند بۆ کونسوڵگەری لە عێراق – یەکێکیان لە بەسرە و ئەوەی تر لە باکووری عێراق. دامەزراندنی سێ تیمی دیپلۆماتیی کاتیی لە پارێزگاکان PDTs یش ڕاگەیەندرا، کە لە کەرکوک، نەینەوا، و دیالا دەبن.

7 لە کانونی دووەمی 2010 دا مالکی ڕایگەیاند عێراق سکاڵای یاسایی لە دژی بلاکوۆتەر بەرز دەکاتەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانیش و لە عێراقیش، مانگەکانی دوای ئەوە، وەزیری ناوخۆ جەواد بۆڵانی ڕایگەیاند حکومەتی عێراق "دەست دەگرێت بەسەر چەکەکانی کۆمپانیا بیانییەکانی ئاسایشدا و بەڵێندەرە کۆنەکانی بلاکوۆتەر ئەوانەی هێشتا لە وڵات ماون فرێ دەداتە دەرەوە. دەرەوە دوای ئەوەی وەزارەتی دەرەوە گرێبەستەکانی بۆ نوێ نەکردەوە، بلاکوۆتەر لە ئایاری 2009 دا لە عێراق دەرچوو. لەوساوە ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ زیسێرڤیس؛ سەرچاوە:-

W. Fischer, "U.S.: Blackwater's Migranes Multiply," IPS, February 28, 2010, http://www.ipsnews.net/news.asp?idnews=50482

8 دەتوانیت زانیـاری لەسەر چالاکییەکانی USIP، NED، و NDI لە ئینتەرنێت بخوێنیتەوە؛-

http://www.usip.org/node/4899; http://www.ned.org/where-we-work/middle-east-and-northern-africa/iraq; و http://www.ndi.org/iraq

US Department of State, Congressional Budget Justification, Foreign Operations, FY 2010 Budget Request, available at http://www.state.gov/documents/organization/123415.pdf 9

D. Lithwick, "A Separate Peace – Why veterans deserve special courts," Newsweek, published February 11, 2010, magazine issued February 22, 2010. Available at http://www.newsweek.com/id/233415 10

I. Piper, "Rebuilding Iraq's media one year on," BBC News, April 11, 2004, available at http://news.bbc.co.uk/2/low/middle_east/3610671.stm 11

12 ڕێککەوتننامەکەی تر پەیوەست بوو بە ئاسایشەوە: و وا باوە بە (ڕێککەوتننامەی ڕەوشی یاسایی هێزەکان، سۆفا) (Status of Forces Agreement (SOFA)) ئاماژەی پێدەکرێت، کە ئەمە وەنەبێت وەسفێکی وردی مەبەستەکەی بێت. ناوەکەی لە ڕێککەوتنەکەدا بەم شێوەیە: "ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆماری عێراق لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراق و ڕێکخستنی چالاکییەکانیان لە ماوەی وجودی کاتییاندا لە عێراق" لە 71 ی

تشرینی دووەمی 2009 دا لە بەغداد ئیمزا کراوە، لە 1 ی کانونی دووەمی 2009 دا کەوتە واری جێبەجێکردنەوە. لە 2010 دا ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ڕێککەوتننامەی ئاسایش ناوی دەبات و عێراقییەکان پێی دەڵێن ڕێککەوتننامەی پاشەکشە. دەتوانیت تەواوی ڕێککەوتننامەکە لێرەدا بخوێنیتەوە:-
http://georgewbush-whitehouse.archives.gov/infocus/iraq/SE_SOFA.pdf

13 لە ڕاپۆرتی 2008 دا، تاوتوێی مێژووی "پەیوەندییە تایبەتییەکانی"ی ویلایەتە یەکگرتووەکان و میسر و ئێرانم کرد کە دەرکـەوت هیچ سودێکیان نییە کاتێک ڕووداوەکانی ناوخۆ لەو دوو وڵاتە پڕبایەخە بوونە مایەی لاوازبوون یان هەرەسهێنانی ئەو مەبەستە هاوبەشانەی بایەخیان پێدەدرا. (بڕوانە:
"Iraq's New Reality: New Goals, No Illusions," The Century Foundation, September 2008, available at http://www.stimson.org/swa/pdf/America%20and%20the%20Emerging%20IraqiReality.pdf)

14 ژمارەی عێراقییە ئەمریکییەکان لە 100000 کەمترە بە گوێرەی سەرژمێری 2000 سەرەڕای ئەو عێراقییانەی لەم دواییەدا وەک پەنابەر و کۆچەر گەیشتوون (سەرچاوە؛-
US General Accounting Office, Iraq: Iraqi Refugees and Special Immigrant Visa Holders Face Challenges Resettling in the United States and Obtaining US Government Employment, GAO-10-274, March 9, 2010, http://www.gao.gov/products/GAO-10-274. For 2000 US Census figures on Iraqi American population, see: US Census Bureau, "The Arab Population: 2000," Census Brief 2000, issued December 2003, available at http://www.census.gov/prod/2003pubs/c2kbr-23.pdf

15 US Department of Agriculture, Foreign Agricultural Service, "Rebuilding Agriculture and Food Security in Iraq" Web pages; a full list of USDA reports on Iraq is available at http://www.fas.usda.gov/country/Iraq/development/iraq.asp

16 بە گوێرەی یاسای کارپێکراو لە یاسای بودجەی 2009 لە عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە بڕی 17 دەرسەد بودجەی نیشتمانیی عێراقی بۆ تەرخان کراوە دوای لێدەرکردنی خەرجییە نیشتمانییەکان، و باقی پارەکە بەسەر سەرجەم پارێزگاکانی تردا بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانیان دابەش دەکرێت. بابەتی سەرەکی لەو یاسایەدا کە چەقی بەستووە بریتییە لەوەی چۆن جەخت بکرێتەوە لە دابەشکردنی داهاتەکان بە یەکسانی بۆ هەموو هاوڵاتیانی عێراق، و میکانیزمێک بۆ کۆکردنەوە و دابەشکردنی داهاتەکە، و بڕی بەشداری بیانییەکان لە بەرهەمهێنان و دابەشکردنی نەوت و گازدا. لە ساڵی 2003 ەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند گرێبەستێکی نەوت و گازی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان ئیمزا کردووە، هەروەها یاسی وەبەرهێنانی وزەی دەرکردووە لە کۆتایی 2007 دا (سەرچاوە؛
Congressional Research Service, CRS Report for US Congress, Iraq: Oil and Gas Legislation, Revenue Sharing, and US Policy, 7-5700 RL34064, November 3, 2009, C. M. Blanchard.)

17 وتەبێژی حکومەتی عێراق عەلی دەباغ، "هیچ دیارییەک بە کۆمپانیا نەوتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان نادرێت لە تەندەری نەوتی عێراقدا."
Reuters, December 12, 2009, http://www.reuters.com/article/idUSTRE5BB18Q20091212

18 بۆ خوێندنەوەی زیاتر لەسەر سیاسەتەکانی عیراق و ڕۆڵی ئایندەیی لە هەرێمەکەدا، بڕوانە:

"Iraq's New Reality: Finding its Role in the Middle East," (March 2010), The Stimson Center and The Centre for International Governance Innovation, available at http://www.stimson.org/swa/pdf/Iraq_4_FINAL_web.pdf.

هەروەها بڕوانە:

E. V. Thompson, "The Iraqi Military Reenters the Gulf Security Dynamic," Middle East Policy Council Journal, vol. XVI, no. 3 (Fall 2009).

19 بۆ تاوتوێی قووڵتر لەسەر ئەم بابەتانە، تکایە بڕوانە؛

"Iraq, its Neighbors, and the Obama Administration: Syrian and Saudi Perspectives," The Stimson Center and The United States Institute of Peace, February 11, 2009; و, "Iraq's New Reality: Finding its Role in the Middle East" (March 2010), Iraq's New Reality, The Stimson Center and The Centre International Governance Innovation, http://www.stimson.org/swa/pdf/Iraq_4_FINAL_web.pdf.

ئێلین لیپسۆن (Ellen Laipson)

ئێلین لیپسۆن سەرۆک و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بنکەی ستیمسۆنە (Stimson Center). لە ساڵی 2002 دا و دوای 25 ساڵ لە خزمەتی حکومی، هاتە ناو بنکەکە. ئێلین لە بنکەکە بەرپرسی پرۆژەی باشووری خۆرئاوای ئاسیا/کەنداوە، کە جەخت دەخاتە سەر چەند بوارێکی کاروباری ئاسایش لە هەرێمی کەنداو. لە ساڵی 2009، ئێلین کۆ-بەڕێوەبەری توێژینەوەیەکی یەک ساڵەیی بوو، بە هاوکاری لەگەڵ (بنکەی کەنەدی بۆ داهێنانی فەرمانڕەوایەتیی نێودەوڵەتی CIGI)، بە ناوی واقعی نوێی عێراق. بابەتە بڵاوکراوەکانی تری لەسەر عێراق بریتین لە (ئەمریکا و سەرهەڵدانی واقعی عێراق: ئامانجی نوێ، بێ فریوخواردن) (دەستگای زە سێنچری-The Century Foundation، 2008) و بەشدار بووە لە نووسینی کتێبی (عێراق و ئەمریکا: هەڵبژاردەکان و پاشخانەکان) (ستیمسۆن 2006)

ئێلین ئەندامە لە دەستەی بەڕێوەبەرانی (دەستگای ئاسیا) و (دەستگای فێرکاری بۆ هەلی کار). لە کۆتایی 2009، سەرۆک ئۆباما ئێلینی هەڵبژارد بۆ ئەندامێتی لە (دەستەی راوێژکاری سەرۆک بۆ هەواڵگری). ساڵی 2010، بوو بە ئەندام لە دەستەی راوێژکاران لە (ئینستیتوتی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەی نێودەوڵەتی).

لەو ماوەیەدا کە کاری بۆ حکومەت دەکرد، پۆستە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی هەواڵگریی نیشتمانیی (NIC)، کە تێیدا کۆ-بەڕێوەبەر بوو لە توێژینەوەی تایبەتمەندی (رەوتە جیهانییەکان، Global Trends 2015 ) و بەرپرس بوو لە پەیوەندییەکان و کۆبوونەوە لەگەڵ دەستگاکانی هزر و رێکخراوەکانی توێژینەوە لە بوار جۆراوجۆرەکانی بابەتەکانی ئاسایشی نیشتمانی، هەروەها (یاریدەدەری تایبەتیی نوێنەری هەمیشەیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لای نەتەوە یەکگرتووەکان) (1995-1997) بوو، پیشەکەی پێشتری لە حکومەت جەختی دەخستە سەر شیکردنەوە و دروستکردنی بڕیار لەسەر بابەتەکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا. بەڕێوەبەری کاروباری ئاسیای نزیک و باشووری ئاسیا بوو لە (ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی) (1990-1993)، ئەندام بوو لە ستافی پلاندانان بۆ سیاسەت لە وەزارەتی دەرەوە (1986-1987)، و پسپۆڕ لە کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە (Congressional Research Service).

ئێلین ماستەری هەیە لە کۆلیژی (the School of Advanced International Studies)، لە زانکۆی جۆنز هۆپکنز، و بەکالۆریۆسی هەیە لە زانکۆی کۆرنێل.

ئێلینا ماگۆڤەرن (Elena McGovern)

ئێلینا ماگۆڤەرن توێژەرەوەی ئەکادیمییە لە پرۆژەی باشووری خۆرئاوای ئاسیا/کەنداو لە بنکەی ستیمسۆن. سەرەڕای کاری لە (ئاییندەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان-عێراق)، لەم دواییانەدا سێ راپۆرتی بۆ پرۆژەی هاوبەشی ستیمسۆن- CIGI ئامادە کرد بۆ توێژینەوەی (واقعی نوێی عێراق) سەبارەت بە گۆڕان و پەرەسەندنی سیاسەتی دەرەوەی عێراق و سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، هەروەها سەبارەت بە کاریگەری ناکۆکی لەسەر ئاوارەکان و کەمەنەتەوەییەکانی عێراق. ئێلینا بەکالۆریۆسی هەیە لە زانکۆی Lehigh و پاڵێوراوە بۆ پلەی ماستەر لە (the School of Advanced International Studies) لە زانکۆی جۆنز هۆپکنز.

وەرگێڕانی: بارزان رەشید

## Stimson Board of Directors


Lincoln P. Bloomfield, Jr.
*Chairman*

Thomas Pickering
*Vice-Chairman*

Linda Banton

Barbara Davis Blum

Avis T. Bohlen

Robert O. Boorstin

Kevin J. Cosgriff, Vice Admiral USN (Retired)

William Harrop

Farooq Kathwari

Andrea Koppel

Norman P. Neureiter

Philip A. Odeen

Anne Richard

Enid C. B. Schoettle

Jean-Francois Seznec

Jeffrey H. Smith

Carroll R. Wetzel, Jr.

Charles W. Bailey, II
Emeritus, 1991–2004

Barry Blechman
Emeritus, 1989–2009

Michael Krepon
Emeritus, 1989–2009

بنکەی ستیمسۆن بریتییە لە کۆمەڵگەیەکی شیکاران کە خۆیان بۆ پێشکەشکردنی ڕێگەچارەی پراکتیکی، داهێنەرانە، ناحزبی تەرخان کردووە بۆ ئاریشە سەخت و درێژخایەنەکانی بواری ئاسایشی نیشتمانی و نێودەوڵەتی. لە ڕێی کارەکانمانەوە، ئێمە هەوڵ بۆ بەدیهێنانی جیهانێک دەدەین کە تێیدا پەیماننامە و ئامرازەکانی پێکەوە کارکردن لە بواری ئاسایش، هاوکاری، و ئاشتیدا باڵزاڵ دەبن بەسەر گەرایشی مێژووییانەی مرۆڤ بۆ شەڕخوازی و پێکدادان. بۆ زانیاری زیاتر، تکایە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە: www.stimson.org

گۆڕانکارییەکی گەورە لە ئارادایە لە پەیوەندی فەرمیی نێوان ویلایەتە یەککگرتووەکان و عێراق. لە کۆتایی 2008 ەوە، پەیوەندییەکان لە دووتوێی دوو ڕێککەوتننامەدا بەڕێوە دەچن: یەکێکیان پەیوەستە بە پلانەکەی کشانەوەی هێزەکانی ویلایەتە یەککگرتووەکان لە عێراق تا 2011، و ئەوەی تر کە چوارچێوەیەکی ستراتیجییە بۆ ئاییندەی پەیوەندییەکانی ویلایەتەیەککگرتووەکان–عێراق و هاوکاریی بەرفراوان لە بوارەکانی وەک پەروەردە، تەندروستی، ژینگە، و بازرگانی. چەندین نادڵنیایی هەیە سەبارەت بە ڕێچکەی ئاییندەیی عێراق، و سیاسەتی دەرەوەی لە هەرێمەکە و سیاسەتی لە هەمبەر ویلایەتە یەککگرتووەکان، بەڵام پێدەچێت لە ئاییندەی بەرچاودا هەردوو وڵاتەکە پەیوەندی دووقۆڵی نێوان واشینتۆن و بەغداد بە پێشەنگێتی دابنێن. ئەم ڕاپۆرتە بریتییە لە وردبوونەوەیەکی قووڵ لە ئاڕاستەکانی ئەم دواییەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەککگرتووەکان–عێراق و ئەگەرەکانی چۆنیەتی کاریگەری درێژەی هەبوونی ویلایەتە یەککگرتووەکان لەسەر بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی هەردوو ولات. ئەگەرچی ڕەنگە عێراق و ویلایەتە یەککگرتووەکان بە هاوپەیمانی ئاسایی دانەنرێن، بەڵام لەگەڵ نەشونمای ڕێکوپێکی پەیوەندییەکان، دروستکردنی بڕیاری دانایانە، و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کەرتەکان و دامەزراوەکاندا، بێگومان دەتوانرێت لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا شەراکەیەکی دۆستانە، تەنانەت ستراتیجی، لە نێوان عێراق و ئەمریکادا بێتە ئاراوە.





ISBN 978-0-9845211-3-5
90000
9 780984 521135

STIMSON
1111 19th Street, NW | 12th Floor
Washington, DC 20036
p 202.223.5956 | f 202.238.9604
www.stimson.org